# بوارەکانی

# شیاوکردنی ڕەوتەوان



مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

بوارەکانی شیاوکردنی ڕەوتەوان

# بورەکانی شیاوکردنی
# رەوتەوان

**نوسینی**
**مامۆستا کرێکار**

# بوارەکانی شیاوکردنی ڕەوتەوان

کـــتـــێـــبـــــــی: شیاوکردنی ڕەوتەوان
ئامـــــادەکردنی: مامۆستا کرێکار
نەخشەســـــــازی: ئیـــســلامڕەو
ساڵــــــــــــــــی: ١٤٣٨ك-٢٠١٧ز

بڵاوکراوەی شاخ

# پێشکەشە

## بەو ڕەوتەوانە پێشڕەوەی گشتگیرانە براکانی پەروەردە دەکات..

..................مامۆستا کرێکار..................

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی

گۆڕانکاریی، پێداوویستیەکی بەردەوامی هەموو قۆناغێکی ژیانە، بەڵام ئایا گۆڕانکاریی چییەو لە چییدا دەکرێت؟ چۆن دەبێت و شێوازو هۆکارەکانی چین؟ ئایا گۆڕانکاریی لە تاکدا دەبێت یان لە حزب وریێکخراوەکاندا پاشان لە دەسەڵات وکۆمەڵگەکەدا. ئایا گۆڕانکاریی بە چی دەست پێ دەکات؟ هەموو ئەمانە وەڵامیان دەوێت ئێرەش شوێنی ئەو هەموو وەڵامە نییە.. بەڵام ناشکرێت هەموویان ئیهمال کرێن ..

ئەم نامیلکەیە پوختەی دەرسێکی بیرخستنەوەیە کە لە ئێوارەی ٢٠١١/٦/١ دا لە ژووری پاڵتۆك (ئیسلام و کورد، دیدی نوێ) پێشکەشم کرد پاشان ووتم ئەگەر کەسێك بۆی بنوسیمایەتەوە، ماشاء الله هەر ئەو شەوە دوو کەس ئامادەییان دەربڕی بۆ سبەی هەردووکیان ئامادەیان کردبوو.. خوا پاداشتی خێریان بداتەوە.. منیش سەرلەنوێ خوێندمەوەو زیادەو ئیزافاتێکی ترم بۆ کردو ئامادەی ئەوەم کرد کە ببێتە نامیلکەیەك و لەبەر چاودا بێت، هەر وەکو لەبەر گوێشە..

ئەوە گرنگە کە هەمووان "بە تایبەتی هەموو ڕەوتەوانان" بیر بخەمەوە کە لە نێوانی ساڵانی (٢٠٠٨ـ٢٠١٠) زیاتر لە حەفتا دەرسم لەسەر کۆمەڵکاریی (کاری کۆمەڵکاریی و ئیدارەی کۆمەڵکاریی ولاسەنگی کۆمەڵکاریمان) و بانگەوازو گۆڕانکاریی وراجوێیی وتۆتەوە.. من پێم وایە زۆرێك لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە سەرەتاوە ووروژاندمن لەو زنجیرە دەرسەی کۆمەڵکارییدان. بۆیە نوسینەوەی ئەوان و کردنیان بە کتێبێك پێویستییەکی مەنهەجی رۆشنبیریی ڕەوتەوانانە.. ئەو دەرسانە ڕەنگە بە

(٣٠) دەرسی دیکە تەکمیلە بن و ببنە بەرنامەیەکی باش بۆ بەرچاوڕوونی و پلاندانانی پەروەردەو ئاڕاستە کردنی کۆمەڵکاریی تاك و کۆ.. دەشێت هەموو کۆبکرێنەوەو ڕێك بخرێن، تا بکرێنە مەنهەجێکی تری ئاڕاستەوانی لەو لایەنەدا کە حزبیەکان پێی دەڵێن: (ڕۆشنبیریی حزبی) کە عادەتەن هەموو حزبێك بۆ حاڵیی کردنی زیاتری ئەندامانیان بۆیان دەنووسن و لە خولی پێگەیاندنی کادیراندا پێیان دەخوێنن.. هەرچەندە بە داخەوە من هەموویانم لا نەماوە، لەو باوەڕەشدا نیم هەمووی بە کۆکراوەیی لای کەسانێك یان کەسێك هەبێت بتوانێت خۆی بیکات بە کتێب یان بە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بڵاویان بکاتەوە.. ئەگەر هەر ئاوا بڕوات لەوانەیە زۆر دەرسیان بفەوتێن و کەلێنی زۆر بکەوێتە زنجیرە باسەکان.. بۆیە ئەگەر برایانی ڕەوت بیانتوانیایە بینوسنەوە پێم وایە گەنجینەیەکی باشیان لەسەر ئەم بابەتە گرنگە دەست ڕەوتەوانان دەخست. دەشێت ئەم نامیلکە بچووکە ببێتە (نەخشەی ڕێ) بۆ چوونەوە سەر ئەو دەرسانەو بە هەموویان دیمەنی ئەو کۆمەڵکارییە بخەنە ڕوو کە گۆڕانکارییە داواکراوەکەی ئێمەی پێ دەکرێت..

با خاڵە سەرەکیەکانی ئەم نامیلکەمان لا گرنگ بێت، با لامان بچەسپێت، خوای گەورەش خۆشەویستی خۆییمان لەدڵدا بچەسپێنێت.

ئامین..

وصلى الله على سيدنا و مقتدانا محمد وعلى آله و صحبه أجمعين

کرێکار /ئۆسلۆ

٢٠١١/٦/٢

شـــەیدای گۆڕانكـــاریین، دەیـــان پـــاڵنەر لە نـــاخی تـــاك و كۆمەڵمانـــدا هەیە كە ئومێـدی گۆڕانكاریمـان زیـاتر دەگەشـێننەوە، دەیـان ئـایەتی قورئـان و فەرمـوودەی پێغەمـبەری پێشـەوامان صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ هەیە گۆڕانكاریمـان لەسـەر فەرز دەكەن.. دەیـان هۆكـاری دەرەكـیش هەن زاتمـــان دەشـــكێنن وغیرەتمـــان دەخەنەوە بەر كە دەی هەنگاوێـك بنـێن.. دەیـان دیـاردەی زوڵـم و گەندەڵییشـمان دێـتە ڕێ كە داوای هەڵوێسـتی جوامێرانەمـان لـێ دەكـات.. قەناعەتیشـمان بە زەروورەتـی گۆڕانكـاریيەكە هەیە، كەچـی هەنگـاوێكی جیـددی بـۆ نانێین!! بۆچی؟!

فەلسـەفەكانی پەروەردەی سـەردەم لە ئەوروپای دوای ڕمانی ئیپراتۆریەتی كـاتۆلیكی لە میسـالێتی دینـداران (ئایـدیالیزم_Idealism)و واقیعێـتی عەلەمانیەكان (ڕیـالیزم_Realism) و پراگمـاتیزمی كارو سـوود (پراگمـاتیزم Pragmatism) و وجـودێتی و جیهانی هەستی تەنهـایی (ئێكسیستێنسیالیزم Existentialism) و فەلسـەفەی پێشـكەوتنخوازیی (Progressivism) چەنـد مەیـدانێكیان دیـاری كـرد كە دەبێـت مرۆڤی تێـدا پەروەردە بكرێـت تـا هاووڵاتیەكی باش دەرچێت، ئەوانیش بریتین لە:

ــــ مەیـــدانی ڕاســـتی(ئۆنتۆلۆگیOntology): كە بـــریتیە لە وەرگرتـــنی وەڵامی ڕاست دەربارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤ.

ــــ مەیـــدانی مەعریفـــی (ئیپســـتمۆلۆگیEpistemology) كە بە داوای بەرنامەیەكـــدا دەگەڕێـــت پەیوەنـــدیەكانی نێـــوان ژیـــان و گەردوون و مرۆڤ دیاری بكات.

ــ قییەم(ئەكســـێۆلۆگیAxiology) واتە ئەو پێـــوەرو بەهـــاو نرخـــانەی پەیوەندیەكانیان پێ دەپێورێت..

ــ سروشـــتی مرۆڤ(هیومـــان نـــاتورHumanNature ) تـــا بزانرێـــت وا راســـت و دروســـت پەروەردە بكرێـــت كە لەگەڵ بزاوتـــی ئەم گەردوون و ژیانەدا بسازێت..

مەیـــدانی تـــریش هەن كە لە لای هەنـــدێكیان وا لە ریـــزی ئەم خـــاڵە ســـەرەكیانەدا، وەكـــو كلتـــورو هـــێزو ئـــازادی و رەوشـــت و رۆشـــنبیریی ودارشتنی بڕیار..

ئـێمە سـوپاس بـۆ خـوا دیـدو پێناسـەی راسـت و دروسـتمان بـۆ هەر یەكێـــك لەم مەیـــدانانەو زیـــاتریش هەیە كە موســـوڵمانی لەســـەر پەروەردە بكەیـــن، چـــونكە لەوە دڵنیـــاین كە ئیســـلام وەڵامـــی هەمـــوو ئەم لایەنـــانەی مەشـــغووڵبوونی فیكـــری مرۆڤـــایەتی پێـــیە.. بەڵام ئێســـتا ئـــێمە لـــێرەدا لە ســـەروبەندی هاوكێشـــەی گۆڕانـــداین كە جەخـــتی لێـــدەكەینەوە كە بە بـێ كۆمەڵكـاریی ناكرێـت.. نەك لە وەڵامـی عەلەمەنیـــیەت و فیكـــری بەرامبەرمانـــدا.. ئەمەش هەر ئیهمـــال نـــاكەین و بـــۆی دەچیـــنە مەیـــدانەوە ان شـــاء الله، بەڵام ئەوە لە كـــاتی ترمانـــدا دەبێـــت.. نامەنەوێـــت لە ئێســـتاماندا كە خەریكـــی دووریـــنەوەی رەنجـی دەیـــان ســـاڵەو دامەزرانـــدنی كۆمەڵكاریمـــانین لەســـەر زەمیـــنە عەقائیـــدییەكەمان بە جەنگوجیـــدالی عەلەمـــانیەتی كـــوردییەوە خەریكبـــین، لە كاتێكـــدا كە عەلەمـــانیەتی تـــورك و عەرەب و فـــارس لە كۆتا قۆناغی پووكانەوەیاندان ..

**کێشـــەی ئێســـتای ئـــێمەی ڕەوت ئەوەیە کۆمەڵکـــارییەکە چـــۆن پێك دێت؟**

کۆمەڵکـــاریی وپەروەردەبـــوون و شـــیاو بـــوون بـــۆ گۆڕانکـــاریی کـــۆمەڵگە، چەنـــد بـــواری گشـــتی و تـــایبەتی هەیە، کە دەبێـــت کۆمەڵکارەکـــان بە دەرس بیخـــوێنن.. مـــن لـــێرەدا ئامـــاژەی خـــێرام بە دوازدە بواریـــان بە کـــورتی داوە.. ئەم دوازدە بـــوارەش "کە لـــق و چـــڵی تریان لێ دەبێتەوە.دەتوانرێت بکرێتە چوار خانە:

یەکەم: دیدو ڕێ: کە مەنهەجێکی سێ بەشییە:

.پێناسەی عەقائیدیی .

.بۆچوونی فیکریی .

.بەرنامەی سیاسیی.

دووەم: قییەمی ڕەسەنێتی. کە سێ لایەنە:

.پەروەردەی دەروون (تەزکیەی نەفس).

.ڕەفتارو ڕەوشت .

.داب و ئادابی کۆمەڵایەتی.

سێیەم

: کۆمەڵکاریی کە سێ بازنەیە:

.گیانی کۆمەڵکاریی .

.پەیکەری ئیداریی .

.پرسینەوەو سزا.

چوارەم: بزاوت و هەڵوێست: کە ستراتیجێتیەکی سێ روکنییە:

.ڕۆشنی ئامانج .

.قۆناغکاریی

.هۆکارو شێوازی کار.

(خشتەیەك بۆ ئاسانكاری)

| | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم |
|---|---|---|---|---|
| | دیدو ڕێ: کە مەنهەجێکی سێ بەشییە: | قییەمی ڕەسەنێتی. کە سێ لایەنە: | کۆمەڵکاریی کە سێ بازنەیە: | بزاوت و هەڵوێست: کە ستراتیجێتیەکی سێ روکنییە: |
| یەک | پێناسەی عەقائیدیی. | پەروەردەی دەروونی (تەزکیەی نەفس). | گیانی کۆمەڵکاریی. | ڕۆشنی ئامانج. |
| دوو | بۆچوونی فیکریی. | ڕەفتارو ڕەوشت. | پەیکەری ئیداریی. | قۆناغکاریی |
| سێ | بەرنامەی سیاسیی. | داب و ئادابی کۆمەڵایەتی. | پرسینەوەو سزا. | هۆکارو شێوازی کار. |

دەبێت کۆمەڵە خەڵکێکی ئازاد لەسەر ئەم روکنانە پێکبدێن و بیکەنە پەیمانی ناو خۆیان و ئاستەکانی خۆیانی پێ ئاڕاستەبکەن، تا یەك دیدو یەك ڕێبازو یەك ئامانج و یەك هەڵوێست بن.. پەیکەری ئیداریی خۆیان دادەڕێژن تا ماف و ئەرك و دەسەڵاتی هەر یەکەیان و جۆرو چۆنیەتی پەیوەندییەکانیان پێکەوە دیار بێت.. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەك دەرکەوت بزانرێت کە حەتمەن یەکێك لێی بەرپرسیارە..کەواتوو ئەم کۆمەڵکارییە دەبێ یاسایەکی بۆ لێپرسینەوەشی هەبێت..

ئــێمه ئێســـتا لەو كەســـانە دەگەڕێـــین كه بـــۆ كۆمەڵكـــاریی و گۆڕانكـــارییەكه دەشـــێن.. كه دۆزیمـــاننەوە ئەم پرۆســـەیان دەخەیـــنە پێشـــچاوو پێیـــان دەڵێـــین: بـــۆ ئەوەی شـــیاوی هەڵگـــری پەیـــامی پێغەمـــبەران بـین ســـەلامی خوایـــان لـێ بێـــت، بـــۆ ئەوەی شـــیاوی ئەوە بـــین بەرپرســـێتی كۆمەڵكـــاریی (خواوویســـتی قیامەتیی)مـــان ئەدا بكەیـــن، و شـــیاوبین بـــۆ گۆڕانكـــاریی دنیـــایی، بـــۆ ئەوەی شـــیاو بـــین لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا رێكەیـــــن، دەبـــێ ئەوە بـــزانین كه شـــــیاوكردن پرۆســـــەیەكی پشـــــوودرێژی پەروەردەو گەشـــــەكاریی گشـــــتگیرانەیەو دەبێـــت ئـێمه لە هەمـــوو ئەم بـــوارانەی نـــاوهێنراون ئاڕاســـته بكـرێین، تـــا پێـــبگەین.. ڕەوت چەنـــد وەكـــو بـــاخەوان هەوڵـــی دەرەكیمـــان لەگەڵـــدا دەدات دەبێـــت خۆشـــمان لە نـــاخی خۆمانـــدا زیـــاتر گەشـــه به خۆمـــان بـــدەین. تـــۆ ئەگەر تـــۆوی بۆخواســـوڵحانت لە ناخـــدا هەڵنەگرتبێـــت، بـــاخەوانەكەت چـــۆن دەتوانێـــت گەشـــەو نەشـــونمات پێبكـــات؟! ئەگەر تـــۆوی بۆخواسوڵحانیشـــت تێـــدایە چـــۆن دەشـــێت هەر لە عەمبارێكـــدا خەزن بیـــت؟! چـــۆن دەشـــێت وا بزانیـــت فەرزێـــتی ئیســـتیخلاف (بریكـــارێتی خـــوای تاكوپـــاك لەســـەر زەمـــین) وهێنـــانەوەی ســـەروەرێتی شەرع به كاری تاك كەسی دێتەدیی؟ !

مـــن لە روانـــگەی دەقه شـــەرعییەكان و ئەزمـــوونی تـــوولانی تەمەتـــی خـــۆم و لە خوێنـــدنەوەی مـــێژووی ڕەنـــجی ســـەدان پێشـــەواو داعـــی و ئاڕاســـتەوانی موســـوڵمانەوە گەیشـــتوومەته ئەو دڵنیـــایەی كه بڵـــێم: ئەو كەســـەی شـــیاوە بـــۆ ئەوەی پەیـــامی پێغەمـــبەران هەڵگرێـــت و لە ڕەوتـی ئـێمەدا ئـیش بكـات پێویسـتی به ناسـینی ئەم بـوارانەی خـوارەوە

هەیە، تا خۆی بۆ پەروەردەکردن تێیاندا ئامادە بکات.. ئەمانە بۆ خۆشیاوکردنن، دەنا قورئان و سوننەت ئاڕاستەوانی حەقیقی موسوڵمانن.. خوای گەورە دەستی پێمانەوە بێت و نەمانداتە دەست خۆمان تا بۆ دینەکەی خۆیمان شیاومان کات و نەفەوتێین.

ئامین

ئێمەش هاوکارین ان شاء الله

## دیدو ڕێ

### بواری یەکەم

دیدو ڕێ: واتە ئەو ڕوانگەی لێیەوە دەڕوانینە گەردوون و مرۆڤ و ژیان.. ئینجا ئەو دیدو هەڵوێستە فیکرییەی لە ململانێی گۆڕانکاریدا لامان دروست دەبێت، کە لە قاڵبی پرۆسەیەکی سیاسییدا دایدەڕێژین و دەیخەینە پێشچاوی خەڵکی وڵاتی خۆمان، تا بیانکەینە لایەنگری خۆمان و ووزەیان بۆ بەرەو پێشچوونی باشتر بەگەڕ بخەین.. تا زووتر ئامانجەکەمان بهێنینە دی.. دیدو ڕێی ئێمە لەم سێ پێکهاتەیدا دەردەکەوێت:

**١.ناسینەوەی عەقیدەو ڕەفتارپێوەکردنی:**

باسەکانی باوەڕ لە ئیسلامدا لە گرنگترین باسی عەقیدەن، بگرە ئەوانە بنەماو بناغەی هەر هەموو باس و بابەتەکانی تری دیانەتی ئیسلامن. هەموو بڕیارو ئەحکامەکانی شەرع لە دنیاو قیامەتدا لەسەر دیدو هەڵوێستی خەڵکەکەیە لە عەقیدەکە.. بە هۆی باوەڕو هەڵوێست لە عەقیدەکەوەیە خەڵکی بوون بە دوو پۆل: موسوڵمان و کافر.. هەر پۆلێکیش ئەحکامی عەقائدیی و شەرعی تایبەتی لەسەرە..

لە ڕۆژی دواییدا ئەوانەی ئەم عەقیدەیان وەرنەگرتووە سزا دەدرێن و ئەوانەی ڕاست و دروست وەریان گرتووە پاداشت وەردەگرنەوە.. لە دنیاشدا بە پێی باوەڕهێنان و نەهێنان و دووری و نزیکییان لە کوفرو ئیمانەوە حوکم دەدرێن. ئیمامی ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: (لە ووتندا هیچ قسەیەك نییە بەختەوەریی یان

كـــوێرەوەریی، مەدح و زەمكـــردن، پاداشـــت و ســـزای پێـــوە بەســـترابێتەوە وەك نـــاوی كـــوفرو ئیمـــان، لەبەر ئەوەیە كە بەم ڕێســـا سەرەكیە دەوترێت: (مسائل الأسماء والأحكام).

ئـــێمە بە لامـــانەوە وایە كە ئەو عەقیـــدەی دەبـــێ پێـــوەی بچیـــنەوە خـــزمەت خـــواو پێغەمـــبەری خـــوا صَـــلَّى اللَّهُ عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ عەقیـــدەی ئەهلـــی ســـوونەت و جەمـــاعەتە، ئەهلـــی ســـوونەت و جەمـــاعەت پـــێگە جەمـــاوەریەكەی یـــاوەران و تـــابعین و تـــابیعی تـــابیعینە، واتە ئەو ســـێ نەوەیەی كە لە دوای پێغەمـــبەری پێشـــەوا صَـــلَّى اللَّهُ عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ هـــاتن، ئەوانەی ئەم دینەیـــان بـــۆ ئـــێمە تۆمـــار كـــرد ودوا خـــاڵی ووردو درشـــتییان بـــۆ تۆمـــار كـــردین.. عەقیـــدەی ئەهـــلی ســـوونەت و جەمـــاعەت یەعـــنی دیـــدو ڕێـــی ئەو هەزارو قســـوور زانـــایەی ئیمـــامی بوخـــاری ڕەحمەتـــی نۆســـەد هەزار فەرمـــوودەی لێـــوە وەرگرتـــوون. كە ئیمـــــامێكی بەڕێـــــزی وەكـــــو ئیبنـــــوبەتتەی عـــــوطبەری لە كتێـــــبی (الإبانـــة)كەی خۆیـــدا نـــاوی هەزارانـــی لـــێ نوســـیونەتەوە، هەروەهـــا ئیمـــامی ئیبنـــوتەیمییە لە كتێـــبی (الإیمـــان الكبـــیر) و (بەرگـــی حەوتەمـــی مجمـــوع الفتـــاوی)كەی خۆیـــدا وا لە هەر شـــارەو چەنـــد نموونەیەكـــت بۆ ناو دێنم :

ــ لە مەكـــكە: عوبەیـــدی كـــوڕی عـــومەیری لەیســـی و عەتـــائی كـــوڕی ڕەبـــاح و موجاهیـــدی كـــوڕی جـــوبەیرو ئیبنـــوئەبی مـــولەیكەو عەمـــری كـــوڕی دینـــارو عوبەیـــدوالله‌ی كـــوڕی عـــومەرو ئیبنوجـــورەیج و نـــافیعی كوڕی جەمیل و داوودی عەتتارو عبدالله‌ی كوڕی ڕەجاو ..

ـ لە مەدیـنە: ئیمـامی زوهـری و ڕەبـیعەی ڕەئـی و ئەبوحـازمی ئەعـرەج و هیشـامی كـوڕی عـوروەو سـولەیمانی كـوڕی بـیلال و محمـدی كـوڕی

ئەبـی زیئـب و و یەحیـای کـوڕی سـەعیدی ئەنسـاری و عوبەیـدوالله‌ی کوڕی عومەری عومەریی و فلەییحی کوڕی سولەیمان ..

ـــ لە میسـرو شـام: مەکحـوول و ئەوزاعـی و سـەعیدی کـوڕی عبـدالعەزیزو وەلیـدی کـوڕی موسـلیم و یەزیـدی کـوڕی شـورەیح و لەیسـی کـوڕی سـەعدو حەیـاتی کـوڕی شـورەیح و عبـدالله‌ی کـوڕی وەهەب و سەعیدی کوڕی ئەبوئەییوب..

ـ لە یەمەن: تاووسـی یەمـانی و وەهەبـی کـوڕی مـونەببەه و مەعـمەری کوڕی راشیدو عبدالرزاق کوڕی هوممام..

ـــ لە کـووفە: عەلـقەمەی نەخەعـی و ئەسـوەدی کـوڕی زەیـدو ئەبووائیـل و سـەعیدی کـوڕی جـوبەیرو رەبیـعی کـوڕی خوسـەیم و عـامیری شـەعبی و ئیبراهیـمی نەخەعـی و مەنسـووری کـوڕی مـوعتەمیرو سـولەیمانی کـوڕی مەهـران و سـوفیانی سـەوری و سوفیانی کوڕی عویەینەو فوزەیلی کوڕی عیاز..

ـ لە بەسـرە: حەسـەنی بەسـری و محمـدی کـوڕی سـیرین و قەتـادەی کـوڕی دەعـامەو بەکـری کـوڕی عبـدالله‌ی مـوزەنی و ئەییـوبی سـەختیانی و یونسـی کـوڕی عوبەیـدو شـوعبەی کـوڕی حەججـاج و مـالیکی کـوڕی دینـارو حەممـادی کـوڕی سـەلەمەو حەممـادی کـوڕی زەیدو ئەبوعەوانە..

ـ لە واسـیت: هەشـیمی کـوڕی بەشـیرو خالیـدی کـوڕی عبـدالله‌و عەلی کـوڕی عاسـم ویەزیـدی کـوڕی هـاروون وسـالحی کـوڕی عـومەرو عاسمی کوڕی عەلی و.

ــ لە بەری رۆژهەڵات: زەححــاکی کــوڕی مــوزاحیم و نەســری کــوڕی عەمــران و عبــداللهی کــوڕی موبــارەك و نەزری کــوڕی شــومێل و جەریری زوبی و دەیانی دیکە ..

ــــ لەوانەش کە هەر یەکەو لە شـــارێکی تـــر بـــوو لە پـــایتەختە ئاوەدانەکـــانی ووڵاتـــی ئیســـلام: وەك مەیمـــوونی کـــوڕی میهـــران و یەحیـــای کـــوڕی عبـــدالکەریم و مەعقیلـــی کـــوڕی عبـــداللهو عەبـــدولکەریمی کـــوڕی مالیـــك و موعـــافی کـــوڕی عیمـــران و محمـــدی کـــوڕی ســـەلەمەی حەڕانـــی و ئەبوئیســـحاقی فیـــزاری و عەلـــی کـــوڕی بەککـــارو یوســـفی کـــوڕی ئەســـبات و عەتـــائی کـــوڕی موســـلیم و محمدی کوڕی کەسیرو هەیسەمی کوڕی جەمیل و دەیانی دیکە ..

ئەم بەڕێـــزانە ئەو زانایـــانەن کە ئەم رەوتە بە پێشـــەوای دینەکەیـــان دەزانێـــت و عەقیـــدەی ئەهلـــی ســـووننەت و جەماعەتیـــان لێـــوە وەردەگرێت ..

ئەهـــلی ســـووننەت و جەمـــاعەتیش دیـــارە کە وەکـــو چەقـــی بـــازنەیەکە کە وا لە نێـــوان چەنـــدین گرووپـــی دیـــکەدا، وەکـــو: قەدەریـــی و موشـــەببیهە، مـــوعتەزیلەو شـــیعە، مـــورجیئەو خەواریـــج، ئەشـــعەریی و ماتۆریـــدی.. پێشـــەوایانی دیـــن هەمـــوو ئەمانەیـــان .جـــگە لە قەدەریـــیە . بە موســـوڵمان دانـــاوە. کە دەوترێـــت ئەهـــلی ســـووننەت و جەمـــاعەت ئەو کـــرۆکەیە کە لە ناوەڕاســـتی بـــازنەکەدایەو لەســـەر مەنهەجـــی یـــاوەران و تـــابعین دەڕوات، بە تێگەیشـــتنی ئەوانـــیش دیـــنەکەی وەرگرتـــووە. هەرچەنـــدە کە دەوترێـــت ئەهلـــی ســـووننەت جەمـــاعەت زۆریـــنەی ئەو گرووپـــانە .جـــگە لە شـــیعەو قەدەریـــیەو موشـــەببیهە .

دەگـــرێتەوە.. کە ئـــێمەش نـــوێژ لە دوای ئەم ســێ گرووپەیـــانەوە ناکەین ..

دەبێـت ئـێمەی رەوتەوان عەقیـدەی ئەهـلی سـوننەت و جەمـاعەت زیـاتر بخـوێنین، هەتـا زیـاتر لێکـۆڵینەوەو دیراســە بکەیـن زیـاتر مەنهەجـی ئەهـلی سـوننەت و جەماعەتمـان لە ناسـینی عەقیـدەکەدا بـۆ روون دەبێـتەوە، یەعنـی باشـتر دەکەویـنە سـەر رێبـازی پێغەمبەران سـەلامی خوایـان لێ بێـت.. واتە ناسـینی راسـت و دروسـتی خـوای گەورەو پێغەمـبەری نـازدار صَـلَّی اللَّهُ عَلَیْـهِ وَسَـلَّمَ و ئەو فەرمانـانەی کە لە خـودا و پێغەمـبەری خـوداوە صَـلَّی اللَّهُ عَلَیْـهِ وَسَـلَّمَ هـاتوون، وە ئەو تێگەیشـتنەی کە یـاوەرانی بەردەسـتی پێغەمـبەری نـازدار صَـلَّی اللَّهُ عَلَیْـهِ وَسَـلَّمَ بـۆ دینـداریی نەوەکـانی دواتریـان کردوویـانە بە رێسـاو گەیانـدوویانە. بە هەزاران هەزار زانـای ئـومەتی ئیسـلام تەمەنـی خۆیـان بـۆ سـەرف کـردووە تـا تۆماریـان کـردوە، ئەو ڕێسـایانەن کە بە درێژایـی مێـژوو عەقیـدەی و مەنهەجـی ئەهلـی سـوننەت و جەماعەتیـان پاراسـتووە. مەنهەجـی عەقائیـدی ئەهلی سوونەت و جەماعەت بەرچاوڕوونی مەنهەجیمان دەداتێ..

شـارەزابوون لە مەنهەجـی عەقائیـدی ئەهلـی سـوننەت و جەمـاعەت لە کوردسـتانی ئـێمەدا زۆر کەمە، تەنـانەت ناسـین و خوێنـدنی عەقیـدەی ئەم زانـا پێشـەوایانە ئەوەنـدە دەگـمەنە کە لای کەم مامۆسـتای ئـاینی یـان داعـی چـاوکراوە باسـی دەبیسـتی.. مەلای کـورد عەقیـدەی ئەهلـی سـوونەت وجەمـاعەت لەم روانـگەوە وەرنـاگرن، تەنـانەت ئەو عەقیـدە پـاکەی یـاوەران لە ئیمـامی شافیعیشـەوە

وەرنــاگرن!! لە کاتێکــدا هەر هەموویــان بە حســاب لەســەر مەزهەبــی ئیمــامی شــافیعی رەحمەتــین!! چــونکە دینەکەیــان لە مــوتەخخیرینی ئەشــعەرییەکانەوە وەرگرتــووە! ئــاخر بــۆیە کەســیان ســنوری نێــوان کــوفرو ئیمانیــان پــێ جــودا نــاکرێتەوە، ئەگەر پێشــیان جــودا کــرایەوە ئاشکرای ناکەن..

خوێنــدنی مەنهەجــی عەقائیــدی ئەهــلی ســوونەت و جەمــاعەت لە کوردســتاندا لە نــاو ڕێبەرانــی ڕەوتــی فیکــری ئیسلامیشــدا زۆر کەمە، چــونکە ســەرانی فیکــری ئیخــوانی کە ئێســتا یەکگرتوویــان پێــك هێنــاوە بایەخیــان بە عەقیــدەی ئەهــلی ســوونەت و جەمــاعەت نەداوە.. تەمەنیــان لە فیکــری سیاســی ئیخوانێتیــدا ســەرف کــردووە لە باســەکانی عەقیــدەو داخوازیەکانیــدا کــۆڵەوارن.. هەنــدێك ئەنــدامی ســەرکردایەتی یەکگرتــوو لە بازنەکــانی ئەهــلی ســوونەت وجەماعەت چوونەتە دەرەوە ..

ســەلەفیەکان بــایەخی باشــتریان بەم مەنهــەجە هەیە، ئەوان ئەگەر ڕوویــان نەکــردایەتە گەوجانــدنی مەدخەلــێتی دەیــانتوانی بە خوێنــدن و فێرکردنــی ئەم عەقیــدەیە خزمەتێکــی باشــیان بکــردایەو بەریــان بە شــیعەگەرێتی و ئێرانــیزم بگرتــایە.. بەڵام بەداخەوە بە کــوێریی کەوتــنە ناو کونە مشکی موخابەراتەوە ..

**٢.شارەزابوون لە فیکری ئیسلامی:**

فیکــر: ووشــەیەکی عەرەبــیەو بــووە بە زاراوە، دەشــێت ووشــەی بــیر یــان بیرکــردنەوەی بــۆ دابنێــین، بەڵام نــازانین چەنــد شــیاوە، دۆزینــەوەی زاراوەیەکــی بەرامــبەری کــاری ئێســتاو ئایندەی ئــێمە نیــیە، ئەوە کــاری پســپۆڕانی زمــانەوانی کــوردە.. ئــێمە لــێرەدا مــامەڵە لەگەڵ

ئەو زاراوە دەکەیــن وەك بەکــار دێــت.. کە بــریتیە لەو چــالاکیەیە ژیربــێژییەیە کە هــزرو هــۆش ئەنجــامی دەدات. واتە: لێکــۆڵینەوەو ســەرنجدان و تــێڕوانین. یــان وەکــو دکتــۆر تاهــا جــابرولعەلوانی بەڕێــوەبەری پەیمانگــای فیکــری ئیســلامی لە واشــنتۆن لە پێناســەیدا دەڵــێ: فیکــر لە زاراوەی فیکــرو فەلســەفەدا بــریتیە لەو کــارەی کە هــزرو هــۆش لە نــاو زانراوەکانــدا ئەنجــامی دەدات بــۆ ئەوەی پــێ بگــاتە نەزانراوەکان. .

کەوابــوو فیکــر بەرهەمــی بیرکــردنەوەو ســەرنجدانی ژیــریە. بەم مانایاشــە کە لە قورئــانی پیــرۆزدا ١٨ جــار بە شــێوازی کــردار هــاتووەو لە بوخاریشــدا چــوار جــارو لە موسلیمیشــدا لە دوو شــوێن.. زانایــانی ئیســلام لە ئەهــلی تەفســیرو شەرعناســان و ئوســوڵییەکان هەر زوو بــۆ وەرگرتــنی ئەحکــام پێویســتییان بەم ئــالییەتە بــوو.. بــۆیە زۆر زوو بە نــاوی (الاســتدلال والنظــر)ەوە چــووە نــاو عەقیــدەو تەفســیرو ئوســوڵی فیقهــو زانســتیەکانی تــرەوە.. بــۆیە دەبینیــت هەنــدێك لە زانایــان کردویــانە بە تیــۆرێکی زانســتی ســەر بە خۆیــان.. وەکــو ئیمــامی غەززالی و ئیمامی ئەبولمەعالی جوەینی و ئەوانە..

فیکــری ئیســلامی: هەمــوو فیکرێــك لە بــازنەی مەرجەعییەتــی خۆیــدا دەبزوێــت، چــونکە بە پــێی رێســاو مەنهەجــی ئەو مەرجەعیــیەتە ســــەرنج دەدات و بەرهەم دەهێنێـــــت. ئامــــانج و رێبــــازی مەرجەعیــیەتەکە زیــاتر رۆشــن دەکــاتەوەو خەڵکــی هــان دەدات بــۆ وەڵامــدانەوەو پێوەپابەنــدبوونی.. لەم روانــگەوەیە دەوترێــت: فیکــری مارکسی، فیکری لیبراڵی، هەروەها فیکری ئیسلامی ..

فیکــری ئیســلامی بــریتیە لە هەمــوو ئەو ڕێســای بیرکــردنەوەو لێــوەرگرتن و بەرهەمە ئوســوڵییانەی هــزری موســوڵمانان لە ســەردەمی پێغەمــبەری خــواوە صَــلَّی اللّهُ عَلَیْــهِ وَسَــلَّمَ تــا ئێســتا هێناویــانەتە بەر دەســت.. هــزرو هۆشــی موســوڵمانانەو بەرهەمەکــانی، کە بە ئیجتیهــادی مرۆڤییــانەی ئەهلــی ئیســلام هــاتوونەتە کــایەوە.. ئیجتیهادەکانیــان لە بــواری فەلســەفەو عیلمــولکەلام (عەقیــدە) و شــەرع و ئوســوڵی شــەرع و ســۆفیگەرێتی و زانســتیە ئینســانیەکان کە مەرج بــووە هەموویــان لەژێــر ئاڕاســتەی قورئــان و ســوننەتدا بەرهەم هێنــرابن تــا پێیــان بوترێــت بەرهەمــی فیکری ئیسلامی..

کەوابــوو فیکــری ئیســلامی: بەرهەمــی ســەرنجدانی ژیــریەو بە پــێی پێــوەری ئیســلام و مەبەســتی ئیســلام و لە روانــگەی گشــتی ئیســلامەوە دەڕوانێتە ژیان و مرۆڤ و گەردوون..

لەم دیــدو پێناســەوە دەردەکەوێــت کە فیکــر بەرهەمە، یەعــنی بەدەســت هێــنراوی بیرکــردنەوەو تــێڕوانینە.. کە دەوترێــت: ســەرنجدانی ژیــریە: مانــای وایە رەنجێکــی مرۆڤیــانەیەو دەشــێت راســت دەرچێــت ودەشــێت چەوت. کە دەوترێــت: بە پــێی پێــوەری ئیســلام و مەبەســتی ئیســلام: ئەوە لەســەر فیکــر دەکــاتە مەرج کە لە چوارچێــوەی قورئــان و ســوننەتدا بێــت. کە دەوترێــت: لە روانــگەی گشــتی ئیســلامەوە دەڕوانێــتە بــونەوەر: یەعــنی حەتــمەن دەبێــت بــۆ هێنــانەدی مەبەســتی ئیســلام بێــت، کە بــریتیە لە خواناســین و ســاڵحبوون و ئیــدارەی کــۆمەڵگەی مرۆڤــایەتی بە دادی شــەرع.. ســەرباری ئەم مەرجــانە ئەوەش هەیە کە دەبێــت ڕێســاکانی هــزرو

هـــۆش و بیرکـــردنەوەو ســـەرنجدانەکان لەگەڵ پێوەرەکـــانی وەرگـــرتن و هەڵسەنگاندن و پەسەند کردنی ئیسلامییدا بسازێن..

ئەمە وەکـــو پێناســـەی گشـــتی فیکـــری ئیســـلامی، بەڵام ئـــێمەش کە وەکـو زاراوەیەکی خیتـابی ئیسـلامی خۆمـان بەکاری دەهێنـین، ئـێمە بە مانـای تێگەیشـتنی ئـێمە لە ئیسـلامەکە بکاری دەهێنـین.. بە مانـایەکی زۆر گشتگیرانە مەبەستمان لێی ئەوەیە کە:

١ــ لە نەگۆڕەکـانی عەقیـدەکەوە دیـدێکی ئیسـلامیمان بـۆ بـۆتە ئەو ئایـدۆلۆجیایەی پێناســەی ژیــان و گەردوون و مرۆڤمــان بە پێکهــاتەو چارەنووســــەوە بـــۆ دەکــــات و وەڵامـــی واقیـــعی پرســـیارە فەلسەفیەکانمان دەداتەوە.

٢ــــ ئەم ئایـــدیۆلۆجیە دینیـــیە هەموومـــان کۆمەڵکـــارانە لە ســـەر روانـــگەو پێناســـەیەکی فیکـــری رێـــك دەخـــات کە گۆڕانکـــاریی لەو کـۆمەڵگەیەدا دروسـت بکەیـن کە تێییـدا دەژیـن، ئەمەش سـێ روکـن دەخوازێـــت: (دیـــدوڕێ)، (کۆمەڵکـــاران)، (بـــزاوت و هەڵوێســـت) کە لەسـەر نەخشـەی بـانگەوازی پێغەمـبەران سـەلامی خوایـان لـێ بێـت دەکەویـنە گـۆڕینی دیـدو بـیرو سیسـتمی سیاسـی و ئـابووری و قییەمـی کۆمەڵایەتی و پێوەرە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگە..

٣ــ بڵاوبـوونەوەی دیـدو رێبـازو ئایـدۆلۆجی دیـدە دینیـیەکە ووزەیەکـی زۆرتـر لە بـانگەوازە خـواییەکەدا کـۆ دەکـاتەوەو بـۆ ئامـانجێکی دووری ســــتراتیژیی دەخـــــرێتەوە گەڕ، کە بـــــریتیە لە دامەزرانــــــدنی دارولئیسـلامێك کە تێیـدا سـەروەرێتی دەسـتوور بـۆ شـەرعەو

دەســـەڵاتە سیاسیەکەشـــی دانیشـــتوانی دارولئیســـلام بە ئـــازادی خۆیان هەڵیانبژاردووە..

٤ـ هەبـــوونی کۆمەڵێـــك موســـوڵمانی خوانـــاس و دیـــدڕوون و خـــاوەن ئایـــدۆلۆجی و ئامـــانج و ڕێبـــازی وا حەســـادەتی ئەهـــلی کـــوفر زیـــاتر دەورووژێنێـــت، بـــۆیە حەتـــمەن لەگەڵ زیـــادبوونی قەوارەو کـــاریگەریی ئەم کۆمەڵکـــارییە ئیســـــلامیەدا ئەوانـــــیش دەکەونە پیلانـــــی دوژمنـــدارێتیەوە، ســـەرەتا بە گـــاڵتەپێکردن و لاقرتـــێ، پاشـــان بە شـــێواندنی ســـومعەو نـــاوی کەســـایەتیەکان، ئینجـــا بە دانـــانی لەمـــپەرو ڕێگـــرتن لە بـــانگەوازەکەو ڕێـــنەدان بە دەرکەوتـــنی کەســـایەتیە ئیســـلامیەکان، ئینجـــا بە حەمـــلەی گـــرتن و هەوڵـــی ڕیشـــەکێش کـــردن.. ئەمە هەڵوێســـت و ڕەفتـــاری بەرەی کـــوفرە کە دەیـــان جـــار لەگەڵ زیـــادبوونی کـــاریگەریی موســـوڵماناندا دووبـــارە بـــۆتەوە.. هەر لەو ڕۆژەوە کە ئیســـلام هـــات کـــوفر پـــێی نـــاڕەحەت بـــوو.. کـــوفری جوگرافیـــای نزیـــك لە ڕووبەڕوو بـــوونەوەی جیهـــادو تەوحیـــددا چـــۆکی داداو خـــپ بـــوو، کـــوفری ڕۆژئـــاواش بە شکســـتیەوە هەڵکشـــاو هـــاتەوە قەڵاو قوڵلـــەکانی ئەوروپـــای.. شـــەڕی ئیســـلام و ئەوان بـــۆ هەزار ســـاڵ تـــوولی کێشـــا، ئـــوممەتی ئـــێمەو ئەوان زاڵ و شکســـت دەبـــووین، تـــا ئەوان توانیـــان لە مـــاوەی ئەم دووســـەد ســـاڵەی دواییـــدا بە شـــێوەی ئیســـتیعمار بێـــنەوە ســـەر وولاتـــانی ئـــێمەو منـــارەی حـــوکمی عوســـمانی "کە ســـــونبولی خیلافەتەکەمـــان بـــوو" بـــڕوخێنن و دەســـــەڵاتی سیاســـیمان بـــخەن و ئوممەتەکەشـــمان پەرتەوازە کەن.. ئینجـــا ببـــنە حـــاکمی وولاتـــانی ئـــێمەو یاســـای کـــوفری خۆیـــان و حاکمـــانی کـــافری خۆیـــان یـــان مـــورتەددی وولاتـــانی ئـــێمە کە ســـەر بەوان بـــوون بـــکەنە

حاکم.. ئاوا سەروەریی شەرع نەماو موسوڵمانان هەتیوو کەوتن و بوون بەژێر لافاوی شارستانێتی رۆژئاواوە.. ئەم هەست کردن و شیکارە گەڕانەوە سەرخۆی خواست، بۆیە لە ماوەی ئەم هەشتا ساڵەی دواییدا نوخبەیەکی دلێری ئوممەتی موسوڵمان سەرلەنوێ بەرەو ئیسلام هاتنەوەو دیدی دینییان کردەوە ئایدۆلۆجیای کۆمەڵکاریی خەڵکێکی موسوڵمانی هیممەت بەرزو جوامێر.. پشوودرێژو بەسەبر لەسەر کۆسپەکانی رێ و زیندان و ریشەکێش کردن تا پشتیوان بە خوا ئوممەتەکە دیسان ئیسلامەکەی دۆزیەوەو کردیەوە بە ناسنامەی شارستانێتی خۆی و کەوتە ململانێی سەربازیی و فیکریی و سیاسی و قییەمی بۆ دەرکردنەوەی ئیستیعمارو پرۆژەکانی.. واقیعی ئێستای ئوممەتی موسوڵمانی ئێمە لە هەموو وڵاتی موسوڵماناندا ئەو ململانێ شارستانێتیە نیشان دەدات.. ئەم دیدو تێڕوانین و بۆچوونە فیکرییە ئەوە دەسەلمێنێت کە دوژمنی یەکەمی ئیسلام و هاتنەوەی خیلافەتەکە، رۆژئاوایە.. پاشان ئەو جاهیلییانەی لە وڵاتانی ئێمەدا کردوویاننەتە جاش حەرەسی شەڕی ئیسلام و رۆژئاوا کە ناویان لێناوە شەڕی دژە تیرۆر..

ئەم فیکرە ئیسلامییە گشتگیرە پشتڕاستە بە دەیان ئایەتی قورئان و فەرموودەی سەحیح وکۆڕا (ئیجماع)ی یاوەران و رێسا شەرعییەکان.. بۆیە لە رەسەنێتییەکەی بێ خەمین و خوا یار بێت بەردەوام خەڵکی رەوتی خۆمانی لەسەر پەروەردە دەکەین..

### ٣.لە خۆگرتنی بەرنامەی سیاسی رەوت:

رەوت بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە بەرنامەیەکی سیاسی بخاتە بەردەستی رەوتەوانان تا بزانن رێبازو هەڵوێستییان لە واقیعی کوردستاندا دەبێ چۆن بێت؟! چونکە حەتمەن رەوتەوانانی ئێمەش دوای موناقەشەی دیدی فیکریی و ئینتیمای کۆمەڵکاریی روو بەڕووی پرسیارێکی سادەو سروشتی دەبنەوە کە پێیان دەڵێن: دیدی دینی و فیکری ئێوەش مەدرەسەیەکی گشتییەو بۆ کوردو غەیری کوردیش دەشێت، بەڵام ئایا ئێوە بەرنامەی سیاسییتان بۆ واقیعی کوردستان چییە؟! ئەو کۆمەڵگەی ئێوە دەتانەوێت لە ناو کورددا دروستی بکەن چۆنەو چ واقیعێکی دەبێت؟ !

وەڵامی ئەمە بۆ رەوتەوانان پێویستترە وەك لە خەڵکی تر.. ئێمە پێویستیمان بە بەرنامەیەکی سیاسی هەیە بیخەینە پێش چاوی میللەتی خۆمان و بڵێین خەڵکینە کە ئێمە دێینە پێشێ لە زەمینەی فیکریی و دیدی دینییمانەوە بەرنامەیەکی سیاسی دەخەینە بەردەست، کە ئەمە هەندێك سیماو سیفاتێتی:

١ـ ناساندنی ئینتیمای عەقائیدی کوردستان: هەر وولاتێك شەرع تێییدا سەروەر بوو، هیچ یاسایەك بە پێچەوانەی ئەوەوە دەرنەدەچوو، موسوڵمانانی ئەمانی خۆیان بە دەست خۆیانەوە بوو، دەیانتوانی بە ئاشکراو ئەمان نوێژی جومعەو جەژنەکان و دروشمەکانی تری پەرستنیانی تێدا بکەن، ئەوە دارولئیسلامە.. هەر وولاتێکیش شەرع تێییدا سەروەر نەبوو، دەستوورو یاسای بە پێچەوانەی شەرع بوو، موسوڵمانانی ئەمانی خۆیان بە دەست خۆیانەوە نەبوو، نەیاندەتوانی بە ئاشکراو ئەمان نوێژی جومعەو

جەژنەكـــان و دروشـــمەكانی تـــری پەرســـتنیانی تێـــدا بـــكەن، ئەوە دارولكـــوفرە.. ئەگەر پێشـــتر دارولئیســـلام بووبێـــت و ئێســـتا بـــووبێتە دارولكـوفر پێویسـتە لەسـەر موسـوڵمانان هەوڵ بـدەن تـا دەیـكەنەوە بە دارولئیســـلام.. دەنـــا هەر هەموویـــان تاوانبـــار دەبـــن لەســـەر ئەو لادان و رادانەی ســـەروەری شـــەرع و دەســـەڵاتی سیاســـی هەڵبژێـــرراو.. رەوت لەم روانـــگەوە دەڕوانێـــتە كوردســـتان، كە بـــۆتە دارولكـــوفرو ئەوە لەســـەر موســـوڵمانان فەرز بـــووە كە دەبـێ ســـەروەری شـــەرعی بـۆ بگـــێڕرێتەوەو دەســـــەڵاتی حوكمڕانیشـــی بكەوێـــتەوە دەســـت میللەتەكە تا بە ئازادی خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەڵبژێرن..

٢ـــ ووڵاتـــی كوردســـتان: ئەگەر تـــوانرا بەشـــەكانی كوردســـتان لە ووڵاتـانی داگیركـار دابڕنرێـت و سـەربەخۆ بێـت، ئەوە حـاڵی وەكـو حـاڵی ووڵاتـــانی تـــری نـــاوچەكە دەبێـــت و ئـــێمەش بەشـــێكین لە دانیشـــتوانەكەی و مـــاف و ئەركـی هاووڵاتێتیمـــان دەكەوێـــتە ســـەر.. ئەگەر هەر وا دابڕدابـــڕ مـــایەوە، ئەوە هەوڵ دەدەیـــن سیســـتمی ویلایـاتی ئیسـلامی بـۆ عـێراق بكەیـنە سیسـتمی حـوكم كە لە سیسـتمی ئیـــداری فیـــدراڵی پێشـــكەوتووترە، ئەو كـــاتە هەر یەك لە ســـێ پێكهـاتەی عـێراق: كـوردو عەرەبـی سـوننەو عەرەبـی شـیعە لە هەرێـمی دیـاری كـراوی خۆیانـدا حكـومەتی هەرێـم هەڵـدەبژێرن و ئیـدارەی خۆیـان بە پـێی بۆچـوونی زۆریـنەی دانیشـتوانی ناوچەكەیـان دەبەن بەڕێـوە.. هەر هەرێـمەش بە گـوێرەی رێـژەی دانیشـتوانیی بەشـداری لە پێكهێنـــانی حكـــومەتێكی مەركەزیـــی هاوبەشـــدا دەكەن لە بەغـــدا.. ئەمە مـافی هەمـوو پێكهـاتەیەكی تـری قەومـی یـان دینـی و مەزهەبـی تـری

عـــێراقە کە رێژەیـــان لە ناوچەیەکـــدا بگـــاتە ئەوەی هەرێـــمی خۆیـــان هەبێـــــت.. ئەگەر نـــــا بە مـــــافی تەواوی خۆیـــــانەوە بە کەمیـــــنە لە هەرێمەکەدا دەژین..

٣ـ نـــان و ئەمـــان بـــۆ هەمـــووان: ئـــێمەی رەوت پێمـــان وایە کە مســـۆگەر کردنـــی تێریـــی و ئەمـــان مـــافە ســـەرەتاییەکانی هەمـــوو گیـــانلەبەرێکن چ جـــای ئەم مـــرۆڤەی خـــوا رێـــزی لێنـــاوە.. ئـــێمە لە قورئـــانی خـــوادا دەبینـــین ئەو قورەیشـــیانەی کە کەعـــبەی مـــاڵی خوایـــان کردبـــوو بە بتخـــــانەو مۆڵگـــــای شـــــیرك، خـــــوای گەورە ئەم دوو مـــــافەی لـــــێ نەســـــتاندنەوە، وەکـــو دەربارەیـــان دەفەرمـــوێ: (أَطْعَمَهُـــم مِّـــن جُـــوعٍ وَآمَـــنَهُم مِّـــنْ خَـــوْفٍ) قـــریش/٤ واتە لە برســـێتی قوتـــاری کـــردن و تـــێری کـــردن، لە تـــرس و بیمـــیش رزگـــاری کـــردن و ئەمـــانی دانـــێ.. لەم روانگەشـــــەوە هەمـــوو دانیشـــتوانی ژێـــر دەســـــەڵاتی رەوتـــی ئـــێمە ئەم دوو مافەیـــــان بـــــۆ دەســـــتەبەر دەکرێـــــت.. ئەوەش یەعـــــنی نەمـــــانی گەنـــدەڵیی و تەزکـــیەی حـــزب و فەرق و جیـــاوازی قەومێـــتی وزارگـــۆتن (لەهـــــجە)و مەزهەب و نـــــاوچەو عەشـــــرەت و ئینتیمـــــای حزبـــــایەتی و..هتـــد. ئەمـــانیش، ئەمـــانی ژیـــان و رێـــزو دیـــدی سیاســـی و خـــاوەنێتی و نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت و هەموو تایبەتێتیەکانی تر.

٤ـ ســـنووری مـــن کۆتـــایی دێـــت کە ســـنوری تـــۆ دەســـت پـــێ دەکـــات: ئـــێمەی رەوت بە هەمـــوو دانیشـــتوانی کوردســـتان دەڵێـــین: ســـنوری مـــن کۆتـــایی دێـــت کە ســـنوری تـــۆ دەســـت پێـــدەکات.. بـــۆ ئەوەی لە ئێســـتاوە ئەمـــــانی بـــــدەینێ، دڵنیـــــای کەیـــــنەوە بـــــاوەڕ نەبـــــوونی ئەو بە ئیســـــلام نـــابێتە هـــۆی لێســـەندنەوەی مـــافی نـــان و ئەمـــان، بە مەرجێـــك نەبێـــتە کـــافری شـــەڕانی، واتە: نەچێـــتە بەرەی جەنگـــی کـــافرانەوە. ئـــێمە لەوە

ناترسین کە تۆ لیبراڵییت یان یەزیدی، هێگڵت پێ موهیمترە یان مارکس.. مادام لاشەڕێت، مادام نەبوویت بە جاسوس لەسەر ئێمە، خیانەتت لێ نەکردووین، ئێمە هیچ پەیوەندییەکی غەیری ناسین و رەفتاری جوانمان لەگەڵتدا نابێت.. وەڵامی ئەفکاری تۆ بە ئەفکار دەدەینەوە.. کە زۆرینەیەکی شەعبیمان پێك هێناو دەسەڵاتی رەهای سیاسەتمان کەوتە بەر دەست ئەو کاتە لە مەرجەعییەتی دەستوورەوە ئەو یاسایانە دەردەکەین کە نەهێڵین سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی دینەکەمان بکرێت..

ئێمە هەمووان بێ خەم دەکەینەوە لەوەی کە ئێستاش و لە داهاتووشدا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پێکهاتە دیمۆگرافیەکەی کوردستان بپارێزین، بە پاراستنی دەستەجەمعی ئینتیماکانی خەڵك، وەکو ئینتیمای دینی مەزهەبی و قەومی و هۆزو حزبایەتی و.. هتد.. چونکە راستە ئێمە ئەندامی ئوممەتە موسوڵمانەکەین کە ئینتیمایەکی عەقائیدییەو لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی هەیە، بەڵام پاراستنی هاووڵاتیانی دارولئیسلامەکەشمان (با کافریش بن وەك مەسیحی و یەزیدی و ئەوانی دیکە) بە ئەرکی شەرعی خۆمان دەزانین..

ئێمە پێمان وایە بە چەسپاندنی ئەم دوو دروشمەمان: (نان و ئەمان بۆ هەمووان) و (سنووری من کۆتایی دێت کە سنوری تۆ دەست پێ دەکات) دادی یەکسانیی دێنینە پێش، بەزەیی و متمانەو دۆستایەتی لە نێوان خەڵکیدا گەشە پێ دەدەین، گیانی تەبایی و یەکتری پاراستن دەکەینە واقیعی کۆمەڵگەکەمان..

٥ـ دەستووری هەرێم: ڕەوت ئەوە دەخاتە پێش چاوان کە باوەڕی وایە دامەزراندنی ئیدارەیەکی شیاو بۆ هەرێم لەسەر دوو پێ دەوەستێت: (بە پێی دەستوور) و (بە هەڵبژاردن) دەبێت.. ناشێت خەڵکانێك بە هێز یان پارەو پلە یان چەواشەکاریی پێچەوانەی دەستوور دەسەلاتێك دامەزرێنن.. هەر وەکو کە ناشێت بە ئینقیلابی سەربازیی بێنە سەر حوکم.. دەستووریش دەبێت پێشتر لە لایەن پسپۆڕانەوە نوسرابێتەوەو میللەت موناقەشەی ناوخۆیی کردبێت و پاشان راپرسی لەسەر کرابێت و بووبێتە دەستووری رەسمی هەرێم.. دەسەلاتی سیاسیش دەبێت ئازادانە لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە هەڵبژێررابێت.. هەردوو روکنەکە پێکەوە مەرجن بۆ شەرعێتی بوون.

٦ـ جوێ کردنەوەی دەسەلاتەکان: ڕەوت پێی وایە کە جوێ کردنەوەی هەر سێ دەسەلاتەکان لە یەکتریی: دەسەلاتی یاسادانان، (ئەنجومەنی نیشتیمانی) دەسەلاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، دەسەلاتی داوەریی (قەزاوەت) پێداویستی سەرەکی دادو یەکسانی و سەروەری یاسایە و ڕێگرتنە لە دیکتاتۆریی ..

هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر سەربەخۆیی دادگاو دژایەتی کردنی هەر بەربەستێك کە سەربەخۆیی دادگا لاواز بکات.

## بواری دووەم

**قییەم:** پێوەری ڕەسەنی دینی و ئەخلاقیی و کلتورییە. بەهای دابونەریتی کۆمەڵایەتی تاکو کۆیە، ئێمەی دیندار پێمان وایە قیەمی ئیسلامی "کە لە عەقیدەکەوە هاتووە" نەگۆڕە، بۆ نموونە بوختان و دزی و خیانەت ڕەفتاری نارەسەنن و لە دینی ئێمەدا لە هیچ سەردەمێکدا پەسەند نابن.

ئەندامی ڕەوت دوای دارشتنی عەقیدەو ئاراستەی فیکریی و رۆشنی بەرنامەی سیاسی پێویستی بە شیاوکردنی لایەنی قیەمی هەیە.. بۆ ئەوەی ڕەوتەوان لە ڕووی دارشتنی کەسایەتیی کۆمەڵایەتییەوە شیاوکەین، دەبێت وای پەروەردە بکەین وەکو سارەی بڵند ئاڵاکەی پێوە بێت وبشەکێتەوە.. ئەمە ووریەکە لە پشوودرێژی پێغەمبەرانەوە دێت سەلامی خوایان لێ بێت. ڕەوتەوان دەبێت لەگەڵ عەقیدە سەلەفێتیەکەیدا، لەگەڵ فیکری ململانێی شارستانێتییدا، لەگەڵ بیروهۆشی واقیعییانەی سیاسییدا، زۆر تەقواکارانە پەروەردە ببێت.. جا بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن تەقوا دەبێت ئەو زانستیەی پێ بخوێندرێت کە زانایانی سەلەف ناویان نابوو: ئادابی دەروناخ (آداب الظاهر والباطن)، کە زانایانی خەلەف ناویان نا ڕەفتارناسیی (علم السلوك). دەبێ بزانێت کە تەقوا دوو جەمسەرە: جەمسەرێکی پەیوەستبوون ورەفتارە لەگەڵ خوای پەروەردگار، کە بە سەلماندنی عەبدایەتی و خۆشەویستی و گەشەی رۆح بەهێزتر دەبێت. جەمسەرەکەی تر پەیوەستبوون و

ڕەفتـــارە لەگەڵ خەڵکیـــدا.. کە دەبێـــت مـــاف و ســـنوری ئـــادبی ئیســـلامییان لەگەڵـــدا ڕەچـــاو بکرێـــت و پەیوەنـــدی پیاوچاکانەیـــان لەگەڵدا ببەسترێت. ئەمەش دوو مەیدانە :

ـ یەکەمیـان ڕەوشـتی ئیمانـدارانەیە کە دەبێ لە خۆتتـدا ببێـتە سـیماو سـیفاتی بەردەوام. وەکـو ڕاسـتگۆیی و سەرڕاسـتی و وەفـاو دڵسـۆزیی و جـوامێریی و سـەخاوەت و ئـازایەتی و.. هتـد. ئەمەش شـیاوێتی ڕەوتە لە بواری ڕەفتارو ڕەوشتدا..

ــــ دووەمیـــان: داب وئـــادابی کـــۆمەڵایەتییە کە مـــافی خەڵکـــین بەســـەرتەوە. دەبـــێ دوور لە ئینفیعالەکـــانی خـــۆت ڕەفتـــاری دادو یەکســـانیی شـــەرعییان لەگەڵـــدا بکەیـــت.. وەکـــو دابوئـــادابی ئیســـلامیانەت لەگەڵ دایکوبـــاوك، لەگەڵ دراوســـێ، لەگەڵ خـــزم وکەســـوکار، هـــاوڕێ و دۆســـتانت. ئینجـــا پابەنـــدیت بە ئـــادابی کـــۆمەڵایەتییەوە، وەکـــو: ئـــادابی شـــین و شـــادی، ئـــادابی میوانـــداریی و خواردن، ئادابی دواندن و ئادابی تەلەفۆن.. هتد .

ڕەوتەوان بـــۆ ئەوەی کەســـایەتی کـــۆمەڵایەتی بەهێزتـــر بێـــت دەبێـــت خـــۆی لەم ســـێ بـــوارەدا بـــاش پەروەردە کـــات. (بـــواری پەروەردەی دەروون)، (بواری ڕەفتارو ڕەوشت)، (بواری ئادابی کۆمەڵایەتی) :

ئەمەش سێ بوارەکەیە بە کورتی:

۱ــــ **پەروەردەی دەروون و گەشـــەی ڕۆح**: پێویســـــتە ڕەوتەوان بە پەروەردەکردنـــی دەروون و گەشـــەی ڕۆح، بـــۆ خـــوا بســـوڵحێنرێت. ڕەوت دەتوانێـــت لەوە شـــارەزای کـــات کە شـــیرك هەیە و تەوحیـــد هەیە، کـوفر هەیە و بـاوەڕ هەیە، فیسـق هەیە و تەقـوا هەیە، گونـاح هەیەو تـۆبە هەیە.. دەبێـت هەر دوو لایـان بناسـێت، ئینجـا دەبێـت

خــۆی ئاراســـته بکـــات و ســـنوور بـــۆ حەزەکـــانی دیـــاری بکـــات بە شـــێوەیەك کە لەگەڵ ســـنووری شـــەرعدا یەك بگـــرنەوە، خـــۆی پارســـەنگ بکـات. دەبێـت سـەبر لەسـەر ناڕەحەتیەکـانی ژیـانی بگرێـت، ســـەبر لەســـەر حەرام بگرێـــت، وێـــڵی دووی حەڵاڵ بێـــت و ســـنوری شـــەرع نەبەزێنێـــت. دەبـــێ هەمیشـــە چـــاوی لە کـــۆمەڵگەی یـــاوەران و تـــابعین بێـــت. ئیقتیـــداکردن بەو یـــاوەرە بەڕێـــزانە بکـــات کە هەتـــا رۆژی دوایـــی بە نمـــونەی کـــۆمەڵگەی راقـــی دەمێنـــنەوە! ئینجـــا ئەم هەمـــوو تابیعیـــانەی لەبەر دەســـتی ئەم یـــاوەرە بەڕێـــزانەدا گەورە بـــوون، ئینجـــا ســـەدان هەزار زانـــاو شـــەرعناس و پیاوچـــاکی تـــری ئەم ئـــوممەتە کە مـــێژوی ژیـــانی (۰۰۰ر۵۱۳) کەســـی لـــێ نوســـراوەتەوە.. چ ئوممەتێـــك لەســـەر زەویـــدا وایە؟ دیـــدو بۆچـــوونی هەمووشـــیان بە ســـەنەدەوە گـــێڕراوەتەوە.. هەرچـــی شـــتێك کە خەســـمیش ووتبێـــتی نەترســـاون لـــێی وەکـــو خـــۆی تۆماریـــان کـــردووە.. ئەوە ئایەتەکـــانی موســـەیلەمەی کەزاب، ئەوە شـــیعری جـــاهیلی و شـــیعری شـــەرابی ئەبـــونەواس و شـــیعری نێربـــازی بەشـشـــار بـــن بـــورد.. ئەوە قســـەکانی حەلـــلاج و دادگـــاییەکەی کە حەوت ســـاڵی خایانـــدو (٤٣) ســـەر مەزهەب فەتـــوای کوشـــتنیان دا، بەڵام خەلـــیفە هێشـــتا (٣) رۆژی بـــواری هەر جـــۆرە پەشـــیمان بـــوونەوەیەکی ئەوی دا.. ئـــوممەتی ئـــێمە ئەو هەمـــوو دیـــدو بۆچـــوونە فەلســـەفییە ســـەیرەی ئیغریـــق و ڕۆمانیـــان تەرجـــومە کـــردو هێنایـــانە بەردەســـت، بـــێ ئەوەی بـــکەونە ژێـــر کـــاریگەرێتییەکی وا کە دیـــدی دیـــنی خۆیـــان بگۆڕێـــت.. ئـــێمەش دەمـــانەوێ رەوتەوان ئـــاوا شـــیاو کەیـــن. شـــیاوی کەیـــن بـــۆ ئەوەی ئەم مەنهـــجە عەقائیـــدیە و ئەم

ئایـــدۆلۆجیە دینـــیە و ئەم بەرنـــامە سیاســـیە هەڵگرێـــت. بـــۆ ئەمەش دەبێـــت رەوتەوان گەشـــەی ڕۆحـــی زۆر بەهـــێز بێـــت، نێـــوان خـــۆی و خـــوا زۆر بەهـــێز بێـــت.. دەبێـــت هەڵگرتـــنی ئەم مەنـــهەجە عەقائیـــدیی و فیكـــری و سیاســـیە .كە بـــانگەوازی خـــوایین .بە پـــێی ئەو پەیمـــانە سەرڕاســـتانە بێـــت كە بە خـــوای خـــاوەنی خـــۆیی داوە.. نەك بە فـــڵان و فیســـار.. بەڵـــێ دەشـــێت پێویســـتیت بە فـــڵان و فیســـارەكە لەو لایەنەوە هەبێـــت كە هێشـــتا مابێتـــت لـــێی تێبگەیـــت. چـــونكە ئەو زانســـتە شـــەرعیانە دەبـــوایە لە ســـەرەتای فـــام كـــردنەوەو گەنجێتییتـــدا بتخوێنـــدنایە و نەتخوێنـــد، تـــۆ دواكەوتـــووی.. ئێســـتا ئـێمە پشـــتیوان بە خـــوا ووردەووردە دەیخەیـــنەوە بەر دەســـتت، تـــۆش دەبێـــت بەهـــیمەت بیـــت. گرنـــگ ئەوەیە بەرنـــامەیەك لەبەر دەســـتی رەوتەوانـــدا هەبێـــت كە لە رووی زانســـتی شـــەرعییەوە ئەوەی پـێ بناسـێت كە چـی گونـاحەو چـی شـیاوە.. هەر وەكـو كە لە شـەرعدا دەخوێنێـت كە چـی پیسـیی (نەجاسەت)ەو چی مایەی پاككردنەوەیە (طاهرو مُطَهِّر)ە؟!

**٢ـ پارســـەنگی رەفتـــارو رەوشـــت:** لە كتێـــبەكەی كـــاك كـــاوان كوردییـــدا (رەوشـــــت لە روانـــــگەی بـــــاوەڕەوە) كە یەكـــــێكە لە كتێـــــبە پەروەردەییەكـــانی ئـــەم رەوتە، بەم شـــێوە پـــوختە بـــاس لە رەوشـــت و دامەزراندنی دەكات :

كاتێـك مـرۆڤ دەبێـتە خـاوەنی ڕەوشـتێكی دیـاری كـراو كە لە ناخیـدا جـێی خـۆی كـردبێتەوە حەتـمەن بە زۆری ڕەفتـاری پەیوەسـت بەو ڕەوشـتەی لـێ دەوەشـێتەوە، نەك ڕۆژێ لە ڕۆژان بـە خەیاڵیـدا بێـت، یـاخود دیمەنێـك دەروونیـی بهەژێنـێ و وای لـێ بكـات كـردەوەیەك ئەنجـام بـدات لەو بچێـت! بەم پێـیە هـیچ كەس بە كردنـی ڕەفتـارێكی

جوان نابێته خاوەنی ڕەوشت و، به ئەنجامدانی هەڵەیەک نابێته بەدکارو بێ ڕەوشت.. وەک خوای گەورە دەربارەی بەخشینی ڕاستەقینه دەفەرموێت: (وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) البقرة/٢٦٥ واته: نموونەی ئەوانەی سامانەکانیان لەبەر ڕەزامەندی خواو له دڵێکی دامەزراوەوە دەبەخشن وەک نمونەی باخێکه که به گردێکەوه بێت و لێزمه بارانێک لێی بدات و دوو چەندانەی ئەوە بەرهەم بهێنێت که لێی چاوەڕێ دەکرێت. هەروەها دەفەرموێت: (الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) البقرة/٢٧٤ واته: ئەوانەی شەووڕۆژو به نهێنی وئاشکرا سامانەکانیان دەبەخشن، ئەوانه له لای پەروەردگاریان پاداشتیان دەدرێتەوەو نەترسیان له ڕێدایه و نه خەم دەخۆن.

خوای گەورە لەم ئایەتانەدا سیفەتی بەخشینی موسوڵمانی ڕوون کردۆتەوە که پێویسته (لەبەر ڕەزامەندی خواو له دەروونی دامەزراوە ببەخشێت) بێگومان کەسێک بەو جۆره ببەخشێت ئەوە (بەخشندە) یەو به (شەوڕۆژ) و به (نهێنی وئاشکرا) خاوەنی ئەو ڕەوشتەیەو بەردەوام کاری پێ دەکات. بەڵام ئەگەر کەسێک بۆ ڕووپامایی یاخود بۆ مەبەستێک ببەخشێ ئەوا به ڕۆژو به ئاشکرا دەبەخشێ بەڵام له شەودا یا به نهێنی نابەخشێت، یاخود بۆ

هێنـــانەدی مەبەســـتێکی خـــۆی دەبەخشـــێ. لەبەر زەرورەتـــی بەخشینەکە نابەخشێت).

مەدرەســـەکانی تەزکـــیەی ئیســـلامی وەکـــو مەدرەســـەی شـــێخ حەســـەنی بەسـری و شـێخ عبـدالقادری گەیلانـی و ئیمـامی غەزالـی و ئیمـامی ئیبنـولقەییم و ئەوانـی دیـکە هەمـوو فەرموویـانە کە دەبێـت ئاکـارە ناوەکیەکـان و رەفتـارە ئاشـکراکان وەکـو یەك بـن.. ئینجـا ئـاوا ناساندویانن:

ـ ئەو ئاکـارانەی مەرجـی وەرگیرانـی کـردەوەن (مەرجـی قبوولبـوون)، بریتین لە: زانست، نییەت هێنان، نیازپاکی، راستگۆیی، ئارامگریی..

ـ ئەو ئاکـارانەی مەرجـی دەسـپێکی کـردەوەن (دەسـپێکردن)، کە بـریتین لە: خۆشوویسـتنی خـوا (المحبـة) سـڵکردنەوە (الخشـیة) بارسووکیی دنیایی (الزهد) پشت بەستن (التوکل).

ـ ئەو ئاکـارانەی مەرجـی ئەنجامـدان (الأداء) ی کـردەوەن کە بـریتین لە: ئـارامگریی (الصـبر) سوپاسـگوزاریی (الشـکر) چـاودێریی و بەئاگایی (الاحسان و المراقبة).

ـ ئەو ئاکـارانەی مەرجـی دوای ئەنجامـدانی کـردەوەن (بعـد الأداء)، کە بـریتین لە: دامەزراویـی (الاسـتقامة) تـرس و ئومێـد (الخـوف و الرجاء) تۆبەکردن و داوای لێخۆشبوون (التوبة والاستغفار) .

بە رەچـاوکردنی ئەم پەروەردەکـاریی و گەشـەی خواوویسـتیەت دەبیـتە نمـوونەی ئەم ئیسـلامە، دەبیـتە نمـوونەی ئەخلاقی پارسـەنگی موســڵمان، نمــوونەی وەفــاداریی و ڕاســتگۆیی و جــوامێریی و لەسـەرکردنەوە، نمـوونەی زیرەکـیی و ئەدەبـی جـوان و دەسـتپاکیی، ئەم ڕەفتـارە پارسـەنگە، ئەم ڕەوشـتەی کە لە ئیمـانەوە هـاتووە کە

بـۆتە ڕەوشـتی نەگـۆڕی تەقواکاریـت تـۆ بە پارسـەنگی دەداتە دەسـت ڕەوتەکە. ئەمەش داواکراوەکەیە..

**٣ـ پاراسـتنی ئـادابی کـۆمەڵایەتی:** ئـادابە ئیسـلامیەکان بەشـێکن لە زانسـتی شـەرعی کە دەبێـت موسـوڵمان فێریـان بێـت، پێوەپابەنـدبوون و مومارەسـەکردنیان نیشـانەی کەسـایەتی پارسـەنگ و دامەزراوە. بـۆیە ئـێمەش دەمانەوێـت ڕەوتەوان زۆریـنەی ئادابەکـان بە دەرس بخوێنێـت و هەموومـان دەسـتەجەمعی پێـوەی پابەنـد بـین، تـا لە ناومانـدا " وەکـو جـاران" دەبـنەوە سـیماو سـیفەتی کـۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمـان.. مەگەر نەتانبیسـتووە هەزاران ئەرمەنـی، هەزاران یەزیـدی، هەزاران گـاورو فەلە چـۆن بە ئـادابی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەی موسـوڵمانەوە پابەنـد ببـوون؟! چەنـدیان لا پەسەندبوو؟ !

دەبـێ ڕەوتەوانـانی خۆمـان فـێری ئـاداب و نەریـتی کـۆمەڵایەتی بکەیـنەوە. فـێری کەیـن چـۆن ڕەفتـار لەگەڵ میوانـدا بکـات؟ چـۆن ڕەفتـار لەگەڵ دراوسـێدا بکـات؟ کە چـووە پرسـەیەکەوە چـی بکـات؟ کە چـووە شـاییەکەوە چـی بکـات؟ لەگەڵ گەورە چـۆن بە ڕێـزەوە ڕەفتـار بکـات، لەگەڵ بچـوك چـۆن بە میهرەبـانیەوە ڕەفتـار بکـات.. لەگەڵ کەسـوکارو مامۆسـتاو پیاومـاقوڵ و ڕیـش سـپییدا. ئینجـا لە ئادابی میوانداریێتی و خواردن و خواردنەوەدا چۆن ڕەفتار بکات؟ !

کەواتە ئێمە لە پەروەردەکردنی ڕەوتەوانی خۆماندا پێویستیمان:

.بە مەنهەجی عەقائیدی ئەهلی سوننەت وجەماعەتە

ــــ به ئایـــدیۆلۆجی دیـــدی دینیمـــانه كه ململانێــی فیكریـــی شارستانێتیمانی پێ ئاراسته بكەین .

ــــ به بەرنـــامەیەکی سیاســی هەیه بـــۆ ئەوەی به خەڵكەكەمـــان ڕابگەێنین كه ئێمەی ئەهلی ئیسلام چیمان بۆ ئێوه دەوێت؟

ــ لەگەڵ مومارەســەكردنی قیــیەمه كــۆمەڵایەتیەكه، پێویســتیمان به تەزكــیەی نەفــس وپارســەنگی رەوشـــت و ئـــادابی كــۆمەڵایەتی هەیه.. ئەمه چـــوار مەیـــدانی پەروەردەكـــردنن. ئەم چـــواره تـــاكی رەوتەوان ئامـــادەی كۆمەڵكـــاریی دەكەن. بەڵام هێشـــتا لایەنەكـــانی تـــری مـــاوێتی.. دەشـێت كابرایەكـت لێ پەیـدا ببێـت عەقیـدەو فیكـرو سیاســەتەكەی وەرگرتوویــت و بەو مەنـــهەجه كــۆمەڵایەتییەی تــۆش پەروەردە بــووه، بەڵام قەنـــاعەتی به كۆمەڵكـــاریی نیـــیه!! پــێی وا نیـــیه كـــاری ئیســـلامی ســتراتیجێتی و قۆناغكـــاریی بوێــت.. كەوابـــوو شـــیاوكردنی رەوتەوانـــی وا مـــاوێتی، دەبێـــت هەر چـــاودێریی و ئـــاودێریی بكەیـــن تـــا قەنـــاعەتی به زەروورەتـــی پەروەردەبـــوون له بوارەكـــانی تریشـــدا بـــۆ پەیـــدا دەبێـــت و دەكەوێته ناو بازنەی ئاڕاسته وەرگرتنەوە..

## کۆمەڵکاری

### بواری سێیەم

مەبەستمان لێرەدا ئەو هەستی مەسئولیەتە نییە کە لەسەر شانی هەموومانە بەرامبەر پیادەکردنی ئەم دینە، کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێداوین. کە فەرموویەتی: (أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ) الشوری/١٣ واتە دینەکە دەستەبەرکەن و مەکەونە تەفرەقەکارییەوە تێیدا .

پێویستە ڕەوت لە ناخی ڕەوتەواندا گیانی کۆمەڵکاری بڕوێنێت، هەستی زەرورەتی پێکەوە کارکردن لە ناخی ڕەوتەوانانەدا بەهێزکات. بۆ ئەوەی کەس سست نەبێت، ووزەی کەس لە دەست نەچێت ..

ئەم گیانی کۆمەڵکارێتیە کە ئەوروپاییەکان پێی دەڵێن (ڕۆحی گرووپ) دەبێت ئێمە نەك هەر بە تەعلیماتی ڕێکخراوەکە پتەوتری بکەین، بەڵکو بە هەستی مەسئولیەتی قیامەتی و گیانی برایەتی دینیی و تەقواکاریی ئاودێریی و چاودێریی بکەین، تا لە ناخی یەکیەکی ڕەوتەوانانەدا ببێتە چاودێری خۆیی (الرقابة الذاتية). ئەو کاتە کەس لێمان دوور ناکەوێتەوە.. دووریش کەوێتەوە دژایەتیمان ناکات.. چونکە لە لایەکەوە وا هەست دەکات کە لە قیامەتدا بەرپرسیارە لەوەی ئەم کۆمەڵە چاکەی لە ووزەی خۆی مەحرووم کرد، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی هەر لە مێشکدا دەزرینگێتەوە کە بۆچی لەبەر خاتری تووڕەبوونێکی خۆم، پشتی ئەم پیاوە چاکانەم بەردا کە لەم کات و شوێنەدا چاکترین کەسایەتی ئەم بانگەوازە خواییەن؟! ئەگەر ڕەوتەوان وا پەروەردە نەبووبوو کۆمەڵکاریی

ئێمەی پێ ناكرێت.. بەڵێ دەبێ سەبر بگرین هەتا فێری دەكەین، بەڵام كە زانیمان ئەمە لەو نەوعە نەرمەلیقانەیە كە لە ماڵەوە نازی زۆری دراوەتێ و وەكو تاقانەی حەوت خوشك بە لاوولوێیدا هاتوون! ئەمە زۆر زەحمەتە لە كۆمەڵكاریی ئێمەدا جێی بێتەوە، ئەمە كوڵی مەحرومێتی ئێمەی پێ هەڵناگیرێت.. ئێمەش زەحمەتە بەم هەموو كوڵە نازەوە پێمان هەڵگیرێت.. ئەمە بۆ یەكگرتوو باشە ..

عەزیزانی من، ئەو كەسانەی گیانی كۆمەڵكارییان تێدایەو ڕازی بوون كە لەم ڕەوتەدا ئیش بكەن و تا زووتر بە ئامانجەكانمان بگەین، تا زووتر بتوانیین مافی خۆمان و ڕەشوڕووتی میللەتەكەمان لە قوڕقوڕاگەی دەسەڵاتی سیاسیی كوفردا بهێنینە دەرەوە، زووتر ببینە ئەو واقیعەی كە دوژمن نەتوانێت قووتمان بداتەوە، دەبێ ئێمە دەروازەی ڕەوتی بۆ بكەینەوەو برایەتیەكەی لەسەر چاوانمان دابنێین و لە شوێنی شیاوی خۆیدا چمكی بەرپرسێتیەكەی بدەینێ تا هەڵیگرێت.. ئێمە پێویستیمان بەو هەیەو دەشمانەوێ ڕەوتەوانان زووتر پەروەردە ببن، پێویستیمان بەو موسوڵمانەیە كە خاوەن عەقیدەی سەلەفییەو بیرمەندی فیكریی و دانای سیاسی و پیاوماقووڵی كۆمەڵایەتییەو لە هەمان كاتدا بێ هەڕاڵی ولووتبەرزیی بە گیانی كۆمەڵكارییەوە، بە هەستی بەرپرسێتی قیامەتەوە لەگەڵماندا كەوتۆتە ڕێ.. ئێمە نامانەوێ خەڵكێكی قسەزل دروست بكەین، نامانەوێ خەڵكێك لە خۆبگرین كە لە لایەنی عەقیدەوە مەدخەلی ببەستێتەوەو لە لایەنی فیكرییەوە بیرمەندی عەلەمانی زنجیركات، بەڵام لەملاوە سنوری شەرع

ببەزێنێــت، یــان لەولاوە لە پەروەردەی دەروونیــدا شکســت خــواردوو بێــت.. چــونکە دوایــی ئەمە خــوا ناپەرســتێت، رووی هەر لە نەفســی خــۆی دەبێــت و تەوافــی دەوری خــۆی دەکــات.. خــوا لامانــدا.. کەســێك لەگەڵ یەکێکــی تــردا نەســوڵحێت، هەســتی قیــامەتی هــیچ نەبێــت، کە لەگەڵمانــدا دەبێــت خــۆی وا پیشــان دا کە عــومەری کــوڕی خەتتــابە خــوا لــێی رازی بێــت، کەچــی کە دەکەوێــتە تــاریکی و تەنهــایی مەگەر خــوا خــۆی ببینێــت کە بەرامــبەر خــۆی و خەڵکــی چــی دەکــات؟! ئەمە چۆن بۆ پاسەوانێتی کاروانی خواوویستی ئێمە دەشێت؟!

تــا ئەم پەروەردەیە لە خۆمانــدا رەســەن نەکەیــنەوە، زەحــمەتە زەمینەیەکــی عەقائیــدی و فیکریــی وامــان پــێ داڕێژرێــت، کە کۆمەڵکــاریی تەوحیــدو جیهــادی خۆمــانی لەســەر بینــا بکەیــنەوە.. ئــێمەی بــزوتنەوەی ئیســلامی نەوەدەکــانی ســەدەی رابــوردوو خــاوەنی بیستوســێ هەزار (٢٣٫٠٠٠) چەکــدار بــووین، خــۆ ئەگەر ســێ هەزارەکەی (٣٠٠٠) ڕۆیشــــتبێت (٢٠٫٠٠٠) بیســــت هەزارەکەی مــاوەو زینــدووە، ئەدی کــوا غــیرەت و زانســت و وویســتی ئەو هەمــوو خەڵــکە کە دیفاعیــان لەم دیــنە دەکــرد؟! لە نێــوان ســاڵانی (١٩٩٢ــ ١٩٩٧) کە مــن لە کوردســتان بــووم (٣٫٥٠٠) ســێ هەزارو پێجنســەد نــوخبەی دینــدارو رۆشــنبیری ئیســلامی بــووین، (١٠٠) ســەد کەس لەوانە نــاو نــووس دەکەم کە لە مــاوەی پــازدە ســاڵی دواییــدا بــوون بە ســەرکردایەتی ئەم ئەحــزابە ئیســلامیانە، لەوانەی مــن دەیانناســم، ســێ هەزار نــوخبە کە هەموویــان لە ســەرکردایەتی تاڵیبــان و ســەرکردایەتی ســۆماڵیەکان رۆشــنبیرتر بــوون! بەڵام کــوا کــاریگەریی

پەنجا شەست ساڵ هەبوونی فیکری سیاسی ئیخوان؟! کوا بەرپاکردنەوەی جیهادەکە؟! کوا ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤمان؟! سەربارى ئەوە سەیری پاشەکشەی دین و دینداریی ئەم هەموو نوخبەو زاناو پیاوە فیکریی و سیاسییە ئیسلامیە بکە!! سەرنج دەرە ئەو ڕێسا پەروەردەییە سەقەتانەی ئەم خەڵکەی لەسەر گۆشکرا، چاوتان لێی نییە ئەو زەلیلییەی کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە چەند شتێکی نامۆیە؟! حاڵی نوخبە ئیسلامیەکەی کوردستان بەراورد کە لەگەڵ حاڵی هاودینانیان لە سێگۆشە جوامێرییەکەی ئەهلی سوونەتی عەرەبی عێراقی.. ئیحتلالی ئەمریکی نابینیت بەو هەموو دەست وەشانە دڕندانەیەوە، بەو هەموو تەکنۆلۆژیا سەربازییەوە لەو سێگۆشە سوونیەی عەرەبی عێراقییدا چۆن گیری خواردووە؟! لەسەر ئەوەوە گوێ لەو فەلسەفە پووچەی نوخبە کوردیەکە بگرە کە شکستی دەروونی خۆی دەنوێنێت کە لێی بووە بە بەڵگەنەویست کە وا دەزانێت کاری ئیسلامی بە چەك هەڵگرتن نابێت.. نوخبە ئیسلامیەکە وا پاشەکشەی کردووەو تەسلیمی واقیعی ئیحتیلال و عەلەمانیەتی کوردایەتی بووە کە وادەزانێت چەك هەڵگرتن شتێکی عەشایەرییەو شتێکی کۆنە! ئەویش وەکو کاسبکارێکی بازاڕ دەپرسێت: ئێستا کەی زەمانی چەکداری ماوە؟! سەیرتر لەوە ئەوەیە کە دەڵێ: خەڵك ماندوو بوون! خەڵك لە پارتی و یەکێتی ماندوو بوو یان لە چەك هەڵگرتنی ئیسلامی؟! خەڵکی لە بێ غیرەتی ئیسلامیەکان ماندوو بوون یان لە جیهادو خۆبەخت کردن؟!

ئـــێمە دەمـــانەوێ ئەو کەســـەی لەگەڵمانـــدا دەبێـــتە ڕەوتەوان ئەوەنـدەی گیـانی کۆمەڵکـاریی تێـدا بەهـێز بێـت، وای تـێڕا ببینـین کە لە هەمـــوو کـــات و شـــوێنێکدا بتـــوانین دوای خـــوای پەروەردگـــار ئیعتیمـادی کـارکردنی بکەیـنە سـەرو بڵێـین: ئـادەی کـوڕە ڕەش گیـان.. ئەمەش بە پەروەردەبـــوونی ڕەوتەوان دەبێـــت لە ســـێ مەیـــدانی بـــواری کۆمەڵکارییدا کە بریتین لە:

١ـــــ **گیـــانی کۆمەڵکـــاریی:** وەك کە یەکـــێکە لە وەســـیلەکانی پەروەردەبـــــــــوونی ڕەوتەوان، دیســـــــــان بەرهەمێکـــــــــی کۆمەڵکارێتییەکەشـــــە، چـــونکە لە ئەرکەکـــانی ڕەوت ئەوەیە کە ڕەوتەوانـــــان فـــــێری ڕەفتارانێـــــك بکـــــات کە نەك هەر لەگەڵ ڕێساویاســـــای ڕەوتەکەدا بگونجێـــــت، بەڵکـــــو بریـــــتی بێـــــت لە درەوشـــــاندنەوەی ئاڕاســـــتەی ڕەوت.. دەبێـــــت ئەم کەســـــایەتیە موســـــوڵمانە کە بـــــوو بە ڕەوتەوان دوای ســـــاڵێك ڕەوتەوانێتـــــیەکەی پێـــوە دیـــار بێـــت.. بە بیرفراوانـــیی و زانیـــنی زانســـتە ســـەرەتاییەکانی ئیســـلامەتی و تێگەیشـــتنی بەرەکـــانی ململانـــێی فیکریـــی و خواناســـیی زیـــاترو دامەزراویـــی کەســـایەتی کـــۆمەڵایەتی بەهـــێزو پشـــوودرێژیی پەروەردەکـــارێتی و.هتـــد. ئەمە زۆر گـــرنگە. قـــاڵبوونەوە لە ڕەوتـــداو خۆداڕشـــتن بە ئاڕاســـتەو تەعلیماتەکـــانی کە بە عەرەبـــی پـــێی دەوترێـــت: (تَقَـــمُّيَ الشخصـــية) جـــگە لەوەی ســـاڵحبوونی تـــاکە ڕەوتەوانەکە خـــۆیەتی، موســـڵیح بوونیشـــێتی لە نـــاو کۆمەڵگەکەیـــدا.. کەوابـــوو بە لەخـــۆگرتنی ســـیفاتی ڕەوتەوانێـــتی، هەســـتی ئینتیمـــای دەســـتەجەمعیی

تــێر دەبێــت، کە ســێیەمین پــلەی تیــۆریەکەی (ئەبرەهــام ماســلۆ)یە، کە دەڵێ :

ــ یەکەمــین پێداوویســتی مــرۆڤ فیزیکییەکــانە، وەکــو هەناســەدان و خواردن و خواردنەوە ..

.دووەمین پلە: ئەمان. ئەمانی ژیان وکارو ماڵ وهتد .

ــ ســێیەمین پــلە: دۆزیــنەوەی ئینتیمــایە.. ئینتیمــای خێزانــی، ئینتیمــای خزمــایەتی و تــیرەو هــۆز، ئینتیمــای دیــن و مەزهەب، ئینتیمــای حــزب و کــــۆمەڵی سیاســــی.. هتــــد. ئەم ئینتیمـــــایە یەعــــنی تێربــــوون و پڕکــردنەوەی پێداوویســتیەکی تــر.. ئەم کەســە تــێرەی لە ئەمانــدایە بــۆ ئەو کــۆمەڵە مــرۆڤە دەگەڕێــت کە خــۆی لەوانــدا دەبینێــتەوە.. کە هەســت دەکــات هەموویــان وەکــو خــۆی وان.. لەم روانــگەوە دەبــێ رەوت ببێتە ئەو باوەشە سۆزەی ئینتیماکردن .

رەوتەوان کە بە تەعلیمــــاتی رەوتەوە پابەنــــد دەبێــــت، لە نــــاو رەوتەکەدا فــێر دەبێــت کە ئینفیعــالی حەزو تــووڕەیی و کاردانەوەکــانی کــــۆنترۆڵ کــــات. پێگەیانــــدنی کۆمەڵکــــاریی نــــاو رەوت هەر وەکــــو پێگەیانــدنی زارۆکە لە نــاو خێزانەکەیــدا.. ســەرەتا چاوپۆشــی لە رق هەســــتان و وورك گرتنەکــــانی دەکرێــــت، بەڵام لەگەڵ گەورەبــــوونی فیزیکییــدا دەبێــت هەســت و هۆشیشــی گەورەتــر ببێــت و بزانێــت کە ســـنوری ئەو کۆتــایی دێــت کە ســـنووری کەســـەکانی تــر دەســـت پێدەکات. بــۆیە نابێــت خۆویســت (أنــانی) بێــت، نابێــت دەســتدرێژکار (عــدوانی) بێــت، نابێــت رقــن و بــوغزن بێــت.. ناشــێت گــوێ نەدات بە ئــادابی خــــواردن و خــــواردنەوەو چــوونە ئاودەســـت ودانیشـــتن ورەفتــاری میوانــدارێتی ونەریتەکــان.. دەنــا خۆشەویســت نابێــت، یــان

لانـــی کەم هاوکـــاریی ناکرێـــت تـــا حەزەکـــانی تـــێر بکـــات و بە پێچەوانەشـــەوە رەفتـــاری ســـەختی بەرامـــبەر دەنوێنرێـــت.. رەوتەوانـــیش لە نـــاو رێکخراوەکەیـــدا هەر ئـــاوایە. دەبێـــت رەچـــاوی پەیوەنـــدی برایەتـــی و تەعلیماتەکـــانی رەوت لە کـــات و شـــوێنی خۆیانـــدا بکـــات.. رەوت لـــێرەدا وەکـــو تیـــمی تۆپـــانێی لـــێ دێـــت، کە هەمـــوو یاریزانەکـــان بە پـــێی نەخشـــەی مەشـــقەوانەکەیان یـــاریەکە دەکەن و لە نـــاو خۆیانـــدا بێ رقەبەرایەتی یەکتریی هاوکاریی یەکتری دەکەن..

دەبـــێ رەوت لەوە بە حەزەر بێـــت کەســـێك یـــان کەســـانێکی رەوت بـــکەونە شـــەڕە دەنـــووك، چـــونکە ئەمە ووزەیـــان بە ئاراســـتەی تـــردا دەبـــات و وا دەکـــات کەس ئەو رۆڵە نەبینێـــت کە پـــێی ســـپێرراوە، لە جـــێی ئەوە هەر یەکەیـــان دەبێـــتە ووزەی ئەو ململانـــێ نـــاوەکییەی لە ســـەرو هۆشـــیدا نەخشـــەی بـــۆ دانـــاوە! رەوت دەبێـــت لە بنبڕکردنـــی هۆکـــاری ئەم کێشـــە ناوخۆییـــانەدا جـــدیی و بـــێ بەزەیـــی بێـــت.. هەرچەنـــدە رەوت ئێســـتا پەنجـــا خـــاڵی کێشـــەی کۆمەڵکـــاریی _وەکـــو مەنهەجـــی دەرســـی تـــایبەت_ ئامـــادە کـــردووە کە رەوتەوانـــانی لەســـەر پەروەردە بکـــات و پێویســـتی بە ســـزا نەبێـــت.. بەڵام دیـــارە خـــۆ هەبـــوونی سزا پێداوویستییەکی ژیانە ..

**٢ــ پەیـــکەری ئیـــداریی:** بە پـــێی تیـــۆری تـــایلۆر (کە بـــاوکی ئیـــدارەی ســـەردەمە) هەمـــوو ئیـــدارەیەك پێویســـتی بە چـــوار روکـــنە: پلانـــدانان، رێکخســـتن، ئاڕاســـتەکردن، چـــاودێریی.. دوای تـــایلۆر کردیـــان بە پێـــنج، بە ئیزافەکردنـــی (بەگەڕ خســـتن)، هەنـــدێکی تـــر روکـــنی تریشـــیان بـــۆ دامەزرانـــد، وەکـــو پـــێکەوە ســـازان (تەنســـیق: هەمـــاهەنگیی).. هەر

یەکێك لەم روکنانەش بۆتەوە بە چەندین لق و دەبینیت کۆلیج بۆ لقەکانیان کراوەتەوە!!

ئێمە لێرەدا باس لەم روکنانەی ئیدارە ناکەین.. بەڵام لە ناو ڕێکخستندا لقێکی ئیداریی هەیە پێی دەڵێن: (پەیکەری ئیداریی). دەمانەوێت بیرخستنەوە لەسەر ئەمە بکەین..

هەموو کۆمەڵکارییەك پێویستی بە پۆلێن کردنی ئەندامەکانی هەیە.. ڕێکخراوی وا هەیە بە پێی خوێندن و شەهادە ئەندامانی پۆلێن دەکات و دەیانخاتە ئاستە جیاوازەکانیەوە، هەیە بە گوێرەی خزمەتی ناو ڕێکخراوەکەو، هەیە بە گوێرەی خزمەت و بەرهەم هێنانی زۆرتر.. ڕەوتەوان کە لە ناوچەکەیدا دەناسرێت و وەکو ڕەوتێك خەڵکێکی زۆری لێ کۆ دەبێتەوە، پێویستی بە ڕێکخستنیانە، ڕێکخستنیان پێویستی بە پۆلێن کردن و دیاری کردنی ئاستیانە.. بۆیە دەبێت پێشتر ئاستەکانی ڕەوت بزانێت و مەرجی پلەکارییەکانی شارەزابێت.. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێت زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر پەیکەری ئیداریی ڕەوت هەبێت، لانی کەم زانیاری تەواوی لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی پەیکەرە ئیدارییەکەی ڕەوت هەبێت، ئەمەش مافی خۆیەتی..

ڕەوت لە قۆناغی خۆناسیندا سێ ئاستی پەروەردەیی بۆ ئەندامانی دەسپێکی سەرەتایی دیاری کردووە: هاودین، هاوبیر، هاوڕێ..

ڕەوت لە پێکهاتەی خوارەوە دەست بە داڕشتنی پەیکەری ئیداریی دەکات.. بۆ ئەمەش پێکهاتەی پەیکەری ئێسقانی لەشی مرۆڤی _بە شێوە گشتیەکەی_ کردۆتە نموونەی ئیقتیدا پێکردن. چۆن لە هەر پەنجەیەکدا سێ پارچە ئێسقانی پێکەوە سازاو هەیەو هەر

یەکە لەو سێ ئێسقانەی پەنجە بە ئێسقانێکەوە لە ناو لەپی دەستدا پەیوەستن، کە بەرپرسە لێیان، رەوتیش دەستەکانی یەکەمینی رێکخستنی خۆی _سێکەس سێکەس_ لەوانەی نوێ بوونەتە رەوتەوان (کە هاودینن) دروست دەکات و پەیوەستیان دەکاتەوە بە رەوتەوانێکی پێشتر، کە ئەو ئاستەی یەکەمی بڕیووەو بووە بە (هاوبیر).. کەوابوو دەستەی یەکەمی رەوتەوانان بریتیە لە (سێ هاودین و هاوبیرێك) هەر پازدە هاودین و پێنج هاوبیر پێویستیان بە چوار ئیداری سەروتر هەیە کە بریتین لە (ئیدارەو دارایی، راوێژکار، هەستەوان، نوێنەری رێبەریی)، ئەمانە کە بوونەتە بیستوچوار کەس دەدرێنە کەسێك کە هەر سێ ئاستی (هاودین و هاوبیرو هاوڕێ)ی بڕیبێت.. ئەمە باڵێکی رێکخراوەیی رەوتە.

هەر بیستو پێنج کەس دەبنە باڵێك، چوار باڵ دەبنە یەك جەستە (١٠٨ کەس دەبن)، سێ جەستە دەبنە خێزانێك (٣٢٤ کەس دەبن).. ئیتر ئاوا سێ خێزانیش دەبێتە دەوارو بەرەو زیاتر پشتیوان بە خوا..

**٣ــ زیادبوونی حەلەزۆنی:** حەلەزۆن ئەوەیە کە کورد پێی دەڵێ: هێلکە شەیتانۆکە.. کە بازنەکانی کراوەیەو بازنەی دووەم هەر بەردەوامی بازنەی یەکەمە بەڵام لە یەکەمین گەورەترەو بازنەی سێیەم هەر هەر بەردەوامی بازنەی دووەمە بەڵام لە دووەمین گەورەترە.. وە هەروەها بازنەی چوارەم و پێنجەم و سەرووتر..

ڕەوتەوان کە دەناسرێت، یان کە چالاکییەك دەنوێنێت، خەڵکی لێی کۆدەبنەوە، ناسیاوێتی لەگەڵ پەیدا دەکەن، حەز دەکەن زیاتری دەربارە بزانن، بۆیە دەربارەی خۆی و ڕەوتەکە زیاتر لێی دەپرسن و ئەمیش بەردەوام بە پێی دیدو هەڵوێستی ڕەوت وەڵامیان دەداتەوە.. تا ئەو کاتەی هەست دەکات کەسانێکی لێ نزیکبوونەتەوە کە وەکو خۆییان لێ هاتووەو هەندێکی تر کەمێك ماویانەو هەندێکی تر زیاتر ماویانە.. وە هەروەها ..

ڕەوتەوان دەبێت وێنەیەکی حەلەزۆنی لەسەر کاغەزێك بکێشێت و لە بازنە بچووکەکەی چەقدا بنوسێت (من)، پاشان لە خۆی بپرسێت کێ وەکو خۆم وایە؟! واتە کێ لەم چوار بوارەدا کە لەم کتێبەدایە (کە دوازدە خانەی پەروەردەیین) لە ڕەوت هاتۆتە پێش؟! کێ عەقیدەی وەکو من وایە؟ کێ دیدی فیکریی ململانێ و هەستی وەکو من وایە؟ کێ بەرنامەی سیاسی ئیسلامەتی وایە یان لێمانەوە نزیکە؟ کێ پەروەردەی ڕۆحی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی وەکو من وایە؟! کێ هەستی کۆمەڵکاریانەی وەکو من وایە.. وە هەروەها.. ئیتر ئاوا هەرچی دەیانناسێت کە وەکو خۆی وان ناویان لە بازنە مەرکەزییەکەی چەقدا لە تەنیشت ناوی خۆیەوە بنوسێت.. بۆ نموونە: ئەمە خۆم و ئەمە (کاك شێرزادو موحسینە بچکۆل و ئاسۆی حاجی ساڵح و حاجی ئاراس و خوشکە ئاورنگ و دایکی لینە).. ئەمە بازنەی ئەو کەسانەن کە هەر ئەوەندەیان ماوە پێیان بڵێین وەرنە ناو ڕەوتەکەمانەوە (تا هەموومان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە شەرعیانەی ڕەوت) ووزەمان یەکخەین.. ئەمە وەکو حزبیەکان دەڵێن: هەر (موفاتەحەکردن)ی ماوە!

ئینجـا دێـتە سـەر بـازنەی دووەمـین کە دوای ئەو دێـت. لـێرەدا ئەو کەسـانە دەنوسـێت کە یەکێـك لەم بـوارانەی پەروەردەبوونیـان نوقسـانە، یـان زۆر لاوازە (ئەم چـوار بـوارەی لەم کتێـبەدا بە ١٢ مەیـدانەکانیانەوە ریزبەنـدیی کـراون).. ئەمـانە هەنـدێکیان ماویـانە لە عەقیـدەکە حـاڵی بـن، هـیچ زانیـاریەکی وایـان پـێ نەگەیشـتووە دەربـارەی عەقیـدە، ئامـادەیی تەواویشـیان هەیە بـۆ وەرگـرتن و پێـوە پابەنـدبوونی.. هەیـانە موسـوڵمانێکی زۆر چـاك و پـاکەو شـارەزای زانسـتە شـەرعیەکانەو پەروەردەیەکـی پارسـەنگی پێـوە دیـارە، بەڵام بە داخەوە هـیچ لە فیکـری ئیسـلامی نازانێـت و گـوێ بە سیاسـەت نـادات! ئەمە دەبێـت ئەم لایەنەی بـۆ تەکمـیلە بکرێـت.. یەکێکـی تـر چـاوکراوەیەی سیاسـەت و ململانـێی فیکـرەو مەنهەجـی هەمـوو حزبەکـانی دیـووەو رۆژانە بە دوای هەواڵە سیاسـییەکاندا دەڕواتەوەو تەزکـیەی نەفسیشـی باشـە، ئـازاو جـوامێرە، بەڵام دەڵـێ: هەرچەنـد دەکەم تـاقەتی خوێنـدنی عەقیـدەم نیـیە.. تاقەتیشـم نیـیە گـوێ بگـرم لە شـەڕی قورئـان مەخلـووقە یـان مەخلـووق نیـیە.. چـونکە ئەمە زەمـانی نەمـاوە وا دەزانـم زۆر باسـی عەقیـدەکەش کە لەو زەمـانەدا بـووە بە بـاس، بـاوی نەمـاوە.. ئەمەش پێویسـتی بە راسـت کـردنەوەی ئەم لایەنە هەیە.. یەکێکـی تـر موسـوڵمانێکی وایە پڕاوپـڕ خـوا بـۆ ئەم رەوتەی هێنـاوەتە پـێش، عەقیـدەو فیکـر، پـاکیی و رەوشـتی بەرز، کەسـایەتی کـۆمەڵایەتی و خـاوەن دیوەخـانی میوانـداریی، کەچـی ئەوەنـدە ترسـنۆکە نـاوێرێ بـڵێ: یەکگرتـوو! ئـێمەش لە لای ئەو نـاوێرین بڵێـین: رەوت، کۆمەڵکـاریی! هەر یەکێـك

لەمـــانەی پێویســـتی زیاتریـــان بە بـــوارێكی پەروەردەیـــی ڕەوت هەیە، واتە هەر یەكەیـــان مەرجێكیـــان نوقســـانە، دەخـــرێنە بـــازنەی دووەمەوە، تـــا نەخشـــەی كەســـب كردنیـــان بـــۆ دانرێـــت.. ئەمـــانە رەچـــاوكردنی زیاتریـــان دەوێـــت، دەبێ ســـرك و ســـڵانەتر رەفتاریـــان لەگەڵـــدا بكرێـــت.. بە پشـــوو درێـــژییەوە دەشـــێت دوای ســـاڵێك كەمـــتر یـــان زیـــاتر بێـــنە بەرهەم و بتوانرێت موفاتەحە بكرێن..

ڕەوتەوانـــی وریـــاو كۆمەڵكـــاریی ووردەكـــار دوای ئەم بـــازنەی دووەمە دێـــتە ســـەر بـــازنەی ســـێیەم: بـــۆ ئەوەی ئەو كەســـانە نـــاو نـــووس بكـــات كە لە دوو بـــــواری پەروەردبوونـــــدا كەموكورتییـــــان هەیە، واتە دوو مەرجـــی ئەنـــدامێتی ڕەوتیـــان نوقســـانە.. ئینجـــا دەچێـــتە ســـەر بـــازنەی ســـێیەم و ئەوانە نـــاونووس دەكـــات كە لە ســـێ بـــواردا پەروەردەبـــوونی ڕەوتیـــــان پێویســـــتە، واتە ســـێ مەرجیـــــان نوقســـــانە.. وە هەروەهـــــا بازنەكانی دوایی..

ڕەوتەوانـــی زرنـــگ وكۆمەڵكـــاری بلـــیمەت بـــۆ كەســـب كردنـــی ناونوســـراوانی هەر یەكێـــك لەم بازنـــانە نەخشـــەیەك دادەڕێژێـــت، كە شـــێوازی پەیوەنـــدیی و چـــۆنیەتی قســـەكردن و كـــاتی خـــوازراوو، ئەوانە دیـــاری دەكـــات، لەگەڵ ئەو كتێـــب ودەرســـی دەنـــگ، یـــان دەنـــگ و ڕەنگـــانەی پـــێی وایە زووتـــر دەیـــانهێنێتە ســـەر قەنـــاعەتی پـــێكەوە كاركردن ..

# قەناعەت کردن بە ستراتیجیەت و قۆناغکاریی

## بواری چوارەم

مەبەســت لە ســتراتیجیەت لــێرەدا ئەو ڕێبــازە دوورەیە کە دەیــبڕی تــا ئەو ئامــانجە دوورە بهێنیــتە دی کە لەو ســـەری خەبــاتی ململانــێ و کێبڕکێ دیاریــت کــردووە.. بــۆ نمــوونە ئــێمە وەکـو ڕەوت لەم کـاتەدا کە دەیــان کۆمەڵکــاریی تــری مونــافیس و نــاحەزو دوژمنکــار کێبڕکێمــان لەگەڵ دەکەن و دەمــانگرن و دەمــانخەنە ژێــر ئەشــکەنجەو ئــازار تــا واز لە دیــدو ڕێمــان بهێنــین، لەم کـاتەدا کە هەر چــوار لامـان دوژمــنی سەرســـــەختی بە ڕواڵەت بەهـــــێزە، ئـــــێمە ئامـــــانجێکی قـــــورس و غەریبمـــان بـــۆ ڕەنـــجی خۆمـــان دیـــاری کـــردووە.. کە پێکەوەنـــانی دارولئیســـــــلامە!! ئامـــــانجەکە قورســـــــە، بەڵـــــێ، لە ســـــەردەمی پێغەمــبەری پێشەواشــدا صــلَّی اللّٰهُ علیْــهِ وسَــلَّم هەر قــورس بــووە.. بەڵام کە غەریــبە، ئەمە ســـەیرە.. ســـەیرە ئامــانجی ئەهــلی ئیســلام لە وولاتــی موســـوڵمانانا وا بە غەریــبی بێــتە پــێش چــاو!! ئەوە هــۆی نەزانـین و لێـڵ بینـین و تێکەڵبـوونی دیـدو ڕێـی کـوفرو ئیمـانە.. ئـێمە کە ئێســتا دوژمنــانی ئیســلام ڕێــی ڕۆیشــتن و گەیشــتنە ئامانجمــان لــێ دەگـــرن، دەبێـــت زۆر ژیـــرانە لەبەر ڕۆشـــنی بەرنـــامەو بـــارودۆخی واقیعییـــانەی کـــاری ئیســـلامی و بـــانگەوازی خوایــیدا بەرەو ئامـــانجی خۆمـــان پـــێ هەڵگـــرین.. ئەمە ســـتراتیجێتی ئەم ڕەوتەیە.. لـــێرەدا دەبـــێ ســـێ روکـــن روون کەیـــنەوە. (ڕۆشـــنی ئامـــانج)،( قۆناغکـــاریی)، (هۆکـــارو شێوازی کار).

**١ـ ڕۆشـنی ئامـانج:** ووتمـان پێویسـتە لەسـەر هەمـوو کۆمەڵکـارییەك ڕێبـازی خەبـات و ئامـانج و قۆناغەکـانی کـاری خـۆی دیـاری بکـات، لە هەمـان کاتـدا دەبێـت خەڵـکە شـوێن کەوتووەکانیشـی بە پـێی رادەی تێگەیشـتن و قەنـاعەت کـردن و رەفتـار کـردن لەگەڵ دیـدو بـیرو باوەڕیـدا پـۆلێن بکـات، تـا بزانێـت هەر یەکەیـان لە چ ئاسـتێکی کۆمەڵکـاریی و پلەیەکـی بـزاڤەکەدا دەتوانێـت ووزەی خـۆی بەگەڕ خـات.. ئینجـا دەبێـت دوای دیـاریکردنی ئاسـتی هەر یەکەیـان، بەرنامەی پەروەردەو ئاڕاستە کردن و شارەزاکردنیان بۆ داڕێژێت ..

هەمـوو کـارێکی سـەرکەوتوو لە رووی ئیـدارییەوە دەبێـت شـەش روکـن لەخـۆ بگرێـت: **(ئامـانج، پـلان، بەرنـامە، بـوجە، کـات، لەگەڵ جـۆرو چەنـدێتی راپەڕێنەرانـی).** دوای ئەوەی ئامـانجێکی واقیعیـانە بە راشـکاویی و روونـیی ئاشـکرا دەکرێـت، دەبێـت نەخشـەیەکی ووردەکـارانە بـۆ شـوێنکەوتووان داڕێژرێـت تـا چـۆنیەتی کارکردنیـان بـۆ روون کـاتەوە، لەو نەخشـەیەدا پێویسـتە ئامـانج و قۆناغەکـانی کارکردن جوان دیاری بکرێت.

رەوت لەم زەمـانی غـوربەتی ئیسـلامەدا ئاشـکراو راشـکاو رایگەیانـدووە کە: دەمانەوێـت کوردسـتان بکەیـنەوە بە دارولئیسـلامەکەی بابوباپیرانمـان، بە ئیمـارەتەکەی بەدرخـانی گەورەو یـاوەرانی.. ئەم ئامـانجە پێویسـتی بە روون کـردنەوەو ناساندنی زیاتر هەیە..

لە ناسـاندنی ئینتیمـای کوردسـتاندا ووتمـان: هەر وولاتێـك شـەرع تێییـدا سـەروەر بـوو، هـیچ یاسـایەك بە پـێچەوانەی ئەوەوە دەرنەدەچـوو، موسـوڵمانانی ئەمـانی خۆیـان بە دەسـت خۆیـانەوە

بوو، دەیانتوانی بە ئاشکراو ئەمان نوێژی جومعەو جەژنەکان و دروشمەکانی تری پەرستنیانی تێدا بکەن، ئەوە دارولئیسلامە.. هەر وولاتێکیش شەرع تێییدا سەروەر نەبوو، دەستوورو یاسای بە پێچەوانەی شەرع بوو، موسوڵمانانی ئەمانی خۆیان بە دەست خۆیانەوە نەبوو، نەیاندەتوانی بە ئاشکراو ئەمان نوێژی جومعەو جەژنەکان و دروشمەکانی تری پەرستنیانی تێدا بکەن، ئەوە دارولکوفرە.. ئەگەر پێشتر دارولئیسلام بووبێت و ئێستا بووبێتە دارولکوفر پێویستە لەسەر موسوڵمانان هەوڵ بدەن بیکەنەوە بە دارولئیسلام. دەنا هەموویان تاوانبار دەبن لەسەر ئەو لادان و رادانەی سەروەرێتی شەرع و دەسەڵاتی سیاسی هەڵبژێرراو.. رەوت لەم روانگەوە دەڕوانێتە کوردستان کە بۆتە دارولکوفر. رەوت ئەوە _بە بەڵگەی شەرعییەوە_ بۆ موسوڵمانان روون دەکاتەوە کە فەرزە لەسەر موسوڵمانانی دانیشتوانی کوردستان سەروەرێتی شەرع بۆ کوردستان بگێڕنەوەو دەسەڵاتی حوکمیش بکەوێتەوە دەست میللەتەکە، تا بە ئازادی خۆیان دەزگاو دەسەڵاتی سیاسی بۆ هەڵبژێرن..

ئەسڵ ئەوەیە کە هەموو موسوڵمانان _کە ئوممەتێکی عەقائیدین_ یەك قەوارەیان هەبێت، واتە کەسێکی هەڵبژێرراوی نێوان (ئەهلی حەل و عەقد) دەبێتە خەلیفە (سەرۆك) و دوستووری شەرع و سیستمی خیلافەتیان لەسەر دەچەسپێنێت.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئامانجە لە موسوڵمانان زۆر دوور کەوتۆتەوەو موسوڵمانان هەر یەکەیان بە تاك و کۆ لە پارچە

ووڵاتێكی ئوممەتەكەدا بە پەرتەوازەیی و داماویی و لەژێر بارودۆخی كۆیلەیی و راوەدوونانـدا، بەڵام بە ئیمانێكی جێگیرو وورەیەكی بەرزو بە پشوودرێژییەكی زۆرەوە خەریكی كاری ئیسلامیین و بە هەموو وەسیلەیەكی شەرعی بەری شاڵاوی داگیركاریی و شەڕی مان و نەمان و بێ ئامانی رۆژئاوا دەگرن!

ئەم بارودۆخە قورسە وای كردووە كە موسوڵمانانی هەر ناوچەیەك هەوڵ بدەن سەروەرێتی شەرع بهێنێتەوە، بەوەی كە دەستووری ووڵاتەكەیان بكەنەوە بە شەریعەتی ئیسلام، نەك ئەو خڵتە فیكرییەی لە ئیستیعماری رۆژئاوا تفیوەتەوەو بە درۆو ساختەكاریی ناوی لێنراوە دەستووری عەلمانیەت و مافی مرۆڤ و دیموكراسی !!

ئێمەی رەوتەوانیش بە پشتیوانی خواو پاشان بە متمانەكردن بە پتەویی ئینتیمای دینیمان و بەهێزیی وویست و ئیرادەمان و دلێریی و كۆڵنەدانمان و پشوودرێژیی كۆمەڵكاریمان وبیروهۆشی واقیعییانەو ئەزموونی خۆمان و موسوڵمانانی تر، ئەوەندەمان لا دروست بووە كە دەتوانین بەرەو ئامانجمان كە پێكەوەنانەوەی دارولئیسلامە لە كوردستان پشت بە خوا، پێ هەڵگرین..

دارولئیسلام: رەوت كوردستان بە دارالكوفر دەناسێنێت، چونكە دەستووری هەرێم ماددەو بڕگەی كوفری ئاشكراو راشكاوی تێدایە، هەروەها زۆر لەو یاسایانەی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی یان حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانیانەوە دەرچووە، كوفرین. ئەمە جگە لە دامەزراندنی سەدان دەزگای بڵاوكردنەوەی كوفرو مومارەسەی خودی كوفرو بەرگری كردن لێی. .

ئەمە مەرجی یەكەمی دارولئیسلام بوونە، مەرجی دووەمیش كە هەبوونی (ئەمان)ە، ئەمانی موسوڵمانانی كوردستان، هی خۆیان نییەو بە دەست خۆیانەوە نییە، چونكە پارتی و یەكێتی وئیحتیلال پێی بەخشیوون. كۆمەڵێك موسوڵمان "با لە حزبە ئیسلامیە رەسمیەكانیش بن" ناتوانن بە ئازادی خۆیان باسی ئیسلامەكە بكەن، ناتوانن شەرحی (لا اله الا الله)كە لە كۆڕێكی گشتییدا یان لە بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنییدا بكەن!! ناتوانن دادگایەكی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن، تا بە پێی شەرع كێشەكانیان چارەسەر بكرێت.. ئەمە لە زەمانی فاتیمییەكاندا (كە زانایانی ئیسلام ئیجماعیان لەسەر دارالكوفرێتی میسری ئەو سەردەمە هەبوو) هەر مەزهەبێكی سوننی دادگای تایبەتی خۆی هەبوو، كە بە پێی مەزهەبی خۆی كێشەی خەڵكەكەی یەكلا دەكردەوە. ئەمە لە كوردستاندا نییە.. كەوابوو ئەم مەرجەش لە كوردستاندا نییە تا بە دارولئیسلام بناسێنرێت ..

مەرجی سێیەمیش كە بریتییە لە ئەنجامدانی دروشمەكانی پەرستن بە جەماعەت، وەكو نوێژی جومعەو جەماعەت و جەژنەكان و هاوشێوەیان، ئەمانیش هەمووی لەژێر تەعلیماتی وەزارەتی ئەوقافی پارتی ویەكێتییدایە. كە وەزارەتێكی عەلەمانییەو بۆ رێگرتن لە ئیسلام دانراوە. موسوڵمانانی كوردستان ناتوانن نوێژێكی جەژن ببەنە یاریگایەك، یان ساحەیەكی دەرەوەی شار، چونكە ئەمان و ئازادییان ئەوەندە پێ نەدراوە، یان راستتر بڵێین:

چـــونكە ئەمـــان و ئازادییـــان ئەوەنـــدە بـــۆ نەهێڵـــراوەتەوە تـــا بتـــوانن مومارەسەی دروشمی خواپەرستییەكی وا بە ئاشكرا بكەن!

گـــۆڕینی كوردســـتان لە دارولئیســـلامەوە بـــۆ دارولكـــوفر _كە نەخشـــەی هـــێزە كوفرییەكـــانی دەرێـــیەو جێبەجێكـــاری نـــاوەوەی بـــۆ ئامـــادە كـــراوە_ ئەوە لەســـەر موســـوڵمانان فەرز دەكـــات كە هەمـــوو ڕەنجیـــان بـــخەنەوە كـــارو كـــورد لەوە تێبگەیێنـــنەوە "مـــادام موســـوڵمان بـــن" ناشـــێت سیســـتمێكی عەلەمـــانی بێـــدینی بـــكەنە ئیـــدارەی حـــوكمی وولاتیـــان و بە هـــیچ شـــێوەیەك ناشـــێت دەســـتوورو یاســـای كـــوفرین لە جـــێی شـــەریعەتی ئیســـلام ببێـــتە مەرجەعییەتـــی بڕیـــار.. ئەمەش بە هۆشـــهێنانەوەو فێركردنـــی زانســـتی شـــەرعی و بـــانگەوازو كۆمەڵكـــاریی و حیســـبەو جیهـــاد دەكرێـــت.. چـــونكە هـــێزی كـــوفر بە هـــۆی هـــێزی چەكەوە كوردســـتانی لە دارالاســـلامەوە بـــۆ دارولكـــوفر گۆڕیـــوە.. مانەوەشـــی بەو وەســـفەوە هەر لەبەر هەبـــوونی هـــێزی نـــاوەكیی و پاڵپشتی دەرەكییە ..

پێكهێنـــانەوەی دارولئیســـلام مەرج نیـــیە بە هەمـــوو كوردســـتان بێـــتە دی.. دەشـــێت بـــۆ نمـــوونە بە هێزێكـــی شـــیاو ئەو نـــاوچەیەی بەردەســـتی بـــزوتنەوەی ئیســـلامیمان بێـــتەوە بەر دەســـت كە (١١٢ گونـــدو ٤ شـــارۆچكە)ی موســـوڵمان و خوااویســـت بـــوون، ئەم نـــاوچەی هەڵەبـــجەو هەورامـــانە لە هـــیچ ســـەردەمێكدا _جـــگە لە ســـەردەمی عەلەمـــانیەتی كـــوردایەتی دوای ئیحتـــیلال_ دەنگـــی ئیســـلامخوازێتی لـــێ كەم نەبـــووە.. جـــگە لە زەمیـــنەی فیكریـــی و بـــانگەوازی ئیخـــوان كە مـــاوەی شەســـت ســـاڵە لە نـــاوچەكەدا هەیە، هەڵەبـــجەو بیـــارە دوو مەڵبەنـــدی ســـەرەكی زانســـتی شـــەرعیی و پێگەیانـــدنی پێشـــەوای

کۆمەڵایەتی بوون.. کە دەشێت وەکو قۆناغی یەکەم ڕەوت سوود لەو مێژووە پاکە وەربگرێتەوەو ئەوێ بکاتە چەقی ئیمارەتێکی ئیسلامی.. ئینجا لەوێوە هەوڵ بدات نموونەی دادو ئەمانی بگەێنێتە ناوچەکانی تر..

**٢ــ قۆناغکاری:** ئامانجی دووری ڕەوت کە پێکەوەنانی دارولئیسلامە خواستێکە خەباتێکی تووولانی دەوێت، ئەم ئامانج و خەباتە تووولانیە ستراتیجییەتێکە ناشێت وا بزانین بە یەکجار دەتوانین بیبڕین.. بۆیە دەبێت ڕێبازو خەباتەکە بکەینە چەندین قۆناغ، کە هەر یەکەیان مەبەستی دیاری کراوی خۆی هەبێت و دەبێ هەوڵی بۆ بدرێت تا بهێنرێنە دی، ئینجا قۆناغێکی تر. ئاوا قۆناغ بە قۆناغ تا دەگەینە ئامانج. إن شاء الله..

ڕەوت بۆ گەیشتنە ئامانج ئەم پێنج قۆناغەی دیاری کردووە، کە هەر قۆناغێك سیماو سیفاتی خۆی هەیە کە لە ئەندامێتی و کۆمەڵکارییەکەدا دەبێت دەردەکەوێت.. بۆ ڕەوتەوان بڕینی ئاست و پلەیەو بۆ ڕەووتیش چوونە پێشترە.. قۆناغەکان بریتین لە :

| | |
|---|---|
| **قۆناغی یەکەم** | **خۆ ناسین (هاودین) (هاوبیر) (هاوڕێ)** |
| **قۆناغی دووەم** | **ڕێ ناسین** |
| **قۆناغی سێیەم** | **ناساندن (شاهێدییدان)** |
| **قۆناغی چوارەم** | **خۆسازیی** |
| **قۆناغی پێنجەم** | **تەمکینی دار الاسلام** |

ڕەوتەوان لە قۆناغی خۆناسیندا سێ پلە دەبڕێت، ئەوی لە ئاستی یەکەمدایە پلەی (هاوەدین)ە، ئەوی لە ئاستی دووەمدایە پلەی (هاوبیر)ە، ئەوی لە ئاستی سێیەمە پلەی (هاوڕێ)یە .

دوای بڕینی هەر سێ ئاستەکەو بەدەست هێنانی هەر سێ پلەکەی قۆناغی خۆناسین، ئیعتیراف بە ڕەوتەوان دەکرێت کە شایانی ئەوەیە ببێتە بەرپرسی باڵێکی ڕێکخستنی ڕەوت کە لە بیستوپێنج (٢٥) ئەندام پێك دێت..

قۆناغی ڕێناسین دوو ئاستەو ڕەوتەوان لە ئاستی یەکەمیاندا پلەی (هاوکار)ی هەیەو لە ئاستی دووەمدا پلەی (هاوڕا)ی دەبێت.. دوای تەواو کردنی هەردوو ئاستەکەی قۆناغی ڕێناسین ئیتر دەچێتە قۆناغی ناساندن (شاهێدییدان) و ئاستەکانی، وە هەروەها قۆناغەکانی تر یەك لە دوای یەك ان شاء اللە بە پێی مەرجەکانی خۆیان دەبڕێت.. ئەمە بە نیسبەت ڕەوتەوانەوە.. ئەمما ڕەوت چۆن سنوری قۆناغ دیاری دەکات؟ ئەوەش کەمێك روون کردنەوەی دەوێت:

دیاری کردنی سنوری قۆناغ: سنوری قۆناغی کاری ڕەوت بە کات یان بە چەندێتی یان بە چۆنێتی دیاری ناکرێت، واتە: ناکرێت بڵێین بە پێنج ساڵی تر، یان ئەگەر ژمارەمان بوو بە دوو هەزار ڕەوتەوان، یان ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا گۆڕا، یان ئەگەر بە ڕەسمی ناسێنراین، بەڵکو بە هێنانەدی مەبەستی قۆناغەکە دەبێت.. بەڵام ئەم سێ خاڵەش (کات، چەندێتی، چۆنێتی) کاریگەریان لەسەر هێنانەدی مەبەستی قۆناغەکە دەبێت.. بۆ نموونە دەمانەوێت لە قۆناغی سەرەتایی خۆناسینماندا دوای زانین و حاڵیبوونی زەمینەی

کارکردن، مەبەست و سنورو کاتی قۆناغەکە دیاری بکەین، وەکو ئەوەی بڵێین دەمانەوێت لە شارۆچکەی (س) بڕی سەد کەس تا کۆتای ساڵی (٠٠٠) بۆ رەوتی خۆمان بخەینە گەڕ، کە نیوەیان بەرپرسی گوندەکانی دەوروبەر بن.. ئەمە مەبەستێکی رۆشنە، بەڵام ئایا واقیعیە؟ بەڵێ، بۆ شارۆچکەیەکی دە هەزار پێگەیشتووی وەکو (س)، بەڵێ واقیعیە. چونکە خەڵکانێك کە بە دەوری رەوتەوانی خۆمانەوەن و دەیانناسن دە ئەوەندەی ئەو ژمارە دیاری کراوە دەبن، کەوابوو ئەگەر لە دە کەس یەکمان پێ بخرێتە کار دەگەینە بەگەڕ خستنی سەد کەسەکە.. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا بە کۆتایی هاتنی ساڵی (٠٠٠)و کەسب نەکردنی سەد کەسەکە ئەو قۆناغە دەبێت کۆتایی پێ بێت؟ ناتوانین بڵێین: بەڵێ، چونکە ئێمە کار بە کات ناکەین. ناشتوانین بڵێین: نەخێر، چونکە خۆ هەتا هەتایە هەر لە کاتی بێسنووردا خول ناخۆین تا سەد کەس کۆدەکەینەوە! بۆیە ناشێت هەموو سنوری ئەم قۆناغە بە کاتەوە پەیوەست بێت ..

ئەگەر بووترێت: سنوری قۆناغەکە بە کۆکردنەوەو بەگەڕ خستنی سەد کەسەکە کۆتایی دێت با هێشتا ساڵیش بە بەریەوە مابێت!! هەر ناشێت وەربگیرێت بۆ دیاری کردنی سنوری قۆناغەکە. چونکە لەوانەیە لە شەپۆلێکی عاتیفیدا، لە کاریگەری رووداوێکدا پەنجا کەس بە جارێك بێتە پێشەوەو سەد کەسەکەمان زووتر بۆ پێك بێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ئیتر قۆناغەکە دەبێت کۆتایی پێ بێت، چونکە راستە لەو ساڵەدا سەد

کەس کۆبـــۆوە، بەڵام ئایـــا لە رووی پەروەردەیـــی و شـــیاوێتییانەوە هەموویان شایانی ئەوە هەن کە کۆڵی قۆناغی تریان بخرێتە سەر؟

وەڵام: مەرج نییە.

ئەگەر بوترێـــت: ســـنوری قۆنـــاغ نە بە کـــاتە نە بە چەنـــدێتییە، بەڵکـــو بە چـــۆنێتییە.. بـــۆ نمـــوونە ئەگەر خـــوا کـــردی و بە رەســـمی دەرکەوتیـــنەوەو ئـــازادانە کەوتیـــنەوە کۆمەڵکـــاریی، حەتـــمەن ئەمە خەڵکـــانێکی ئەوەنـــدە چاکمـــان لـێ کۆدەکـــاتەوە کە هەمـــوو ئاســـتی بەرزیـــان لە کۆمەڵکـــاریی سیاســـییدا هەبێـــت، ئیـــدی بە مەرجـــی خۆمـــان ســـەد کەســـەکە هەڵـــدەبژێرین! بەڵام ئایـــا ئەم ســـەد کەســـە هەر وەکـــو بـــزوتنەوەی جـــاران و کـــۆمەڵی ئیســـلامی ئێســـتا یەکســـەر دەکـــرێن بە (مەســـئوول)! کە دوایـــی نە تەقاویـــت دەبـــن و نە بۆشـــمان دێـــنە خـــوارەوە! ئایـــا قۆنـــاغی ئەو کـــاتەی رەوت بەوان دەڕوات بە رێـــوە؟ بەرپرســـێتی رەوتیـــان بـــۆ دەبـــرێتە قۆنـــاغێکی تـــر؟! لەوانە نیـــیە.. چـــونکە یەکێـــك لە کەموکورتیەکـــانی ئەم کەســـانە ئەوەیە کە دیـــدو رێیـــان لەم رەوتەدا نەکـــــراوە بە یەك، لەوانەیە هەر یەکەیـــــان راوبۆچـــــوون و پێناســـــەیەکی جیـــاوازی لەگەڵ خـــۆی هێنابێـــت.. یەکنەخســـتنی ئەمە لە ناو رەوتەکەدا دەبێتە تۆوی باڵ باڵێن و خەت خەتێن ..

مەبەســـتی ئـێمە لەم قۆنـــاغەدا ئەوەیە کە کەســـانێکی شـــیاوو پشـــوو درێـــژ ئەم رەوتە زۆر بە جیـــددی وەرگـــرن و زۆر پشـــوودرێژانە بـــکەونە کۆمەڵکـــارییەکەی. ئایـــا ئەم ســـەد کەســـەی لە شـــاری (س) کۆتـــان کـــردۆتەوە لە رووی چۆنێتیـــانەوە هەموویـــان شـــیاون بـــۆ هێنـــانەدی ئەو مەبەســـتە؟! بـێ گومـــان نەخـێر تـــا قەناعەتیـــان دێـــتە ســـەر دیـــدو بۆچـــوون و پێناســـەو کۆمەڵکـــاریی گشـــتی رەوتەکەو پەروەردە دەکـــرێن

و لەسەر نەخشەیەك ئاڕاستە دەکرێن و فێر دەکرێن کە چۆن ووزەیان بە پێی تەعلیماتی رەوت دەخەنە کار .

کەوابوو ئەوی سنوری قۆناغی کاری ئێمە دیاری دەکات هەموو ئەم نیشانانەن پێکەوە، ئەمە کاری رێکخراویەو هەر دەبێت وا بێت.. ئەگەر لە سەربازگەیەکدا بوترێت: کەسێك دەبێتە ئەمیری کەتیبەیەك کە دە ساڵی خزمەتی سەربازیی تەواو کردبێت، یان دەرچووی کۆلیجی ئەفسەرێتی بێت و ساڵێکی خزمەت هەبێت، هەر یەکەشیان دەبێت سەرکەوتووانە خولێکی دیاری کراو ببڕێت.. ئەو کەسانەی کە هێشتا مەرجەکانیان تێدا نیە ناکەونە شەڕەپاڵ بۆ بەدەستهێنانی پلە ئەفسەریەکە، چونکە لە لایەکەوە مەرجەکانیان زانیووەو لە لایەکی ترەوە قەناعەتیان هەیە کە هێشتا ئەو مەرجانەیان تێدا نەهاتۆتە دی، هۆشیان لای ئەوەشە کە ئەگەر داواش بکەن وەرناگیرێن.. بەڵام کە مەرجەکانیان تێدا هاتە دی، دەبێتە مافێکی ئەوان و ئەرکی سەربازگەکە کە بیانکات بە ئەفسەر.. نابێت بە بەهانەی ئەوەی گوایە (هەر بۆ خۆ هێنانە پێش) مەرجەکانی لە خۆیدا هێناوەتە دی! یان بووترێت (کابرا ریابازەو پێویستە لەسەر گوناح یارمەتی نەدرێت) بەم بەهانانە مافی بخورێت و رێی لێ بگیررێت!! وەکو لە هەندێك حزبی جاهیلیی و ئیسلامیدا دەیبینین.. نا، ئەمە ستەمەو نابێت بکرێت..

**گرنگی قۆناغی خۆناسین:**

ـ لەبەر ئەوەی نەوەی نـوێی کـورد "زۆر بە داخەوە" کـۆڵەواری زمـان و هەژاری کلتـورن، زمـانی تـر شـارەزا نەبـوون تـا بـیکەنە کلیـلی دەروازەکـانی ڕۆشـنبیریی گشـتی تـر، بە تـایبەتی ئیسـلامی کە پێکهـاتەی ناسـنامەی گەلانـی عـەرەب و فـارس و تـورکی دەوروبەریـانن، سـووك و ئاسان لە ئیسلام دامالٚران !!

ـ لەبەر ئەوەی تـاکی کـوردی لە خـێزان و خانەوەدەکانیانـدا دینـدارانە ئاڕاسـتە نەکـران، بێئاگـابوون لە دیـن، یـان زانیاریـان بەرامبەریـی کەمبـوو. نەیـانزانی چـۆن وبـۆچی دینـداریی پێویسـتە؟ بـۆیە بەلای زۆریـنەی نەوەی نـوێی کـوردەوە پابەنـد نەبـوون بە دیـنەوە تـاوان نـیە! یـان تـاوانێکی زۆر گەورە نـیە چ جـای ئەوەی کە بە کـافربوون بژمێررێت !

ـ لەبەر ئەوەی لە مەدای نیـو سـەدەی رابـوردوودا زانـای ئیسـلامی سـەرکردە لە کـوردا هەڵنەکەوتـۆتەوەو مزگەوتەکـانیش بـوون بە ژێـر لافـاوی عەلەمـانیەتی تـورك و عـارەب و فارسـەوەو عەلەمـانیەتی کـوردیش لە شـاخ و شـار دژایەتـی دینەکەیـان زۆر سەرسـەختانە کـردو هەر بەردەوامیشـن. مەلاو مـزگەوت هـیچ ڕۆڵێکـی وایـان لە پاراسـتنی کەسـایەتی ئیسـلامخوازیی کلاسـیکی کوردیـدا نەبیـنی چ جـای ڕۆڵێکـی کـاریگەر لە داڕشـتنەوەی کەسـایەتی دینـدارێتی سـەردەمدا، بـۆیە رابـوونی ئیسـلامیانی کـورد تـا کۆتـایی هەشـتاکانی سـەدەی رابـوردووش هەر گەرمە تەریقەیەکـی فیکریـی دەروێشـانەی ئیخوانولموسـلیمین بـوو، هەر نەبـوو بە بزاڤێکـی ئیسـلامی خـاوەن

دیدی فیکریی و بەرنامەی سیاسی وا لەسەر بنەمای فیکرو ئوسوڵی شەرعی دامەزرابێت..

ــ هاتنی ئیحتیلال و کپبوونەوەی رەوتی جیهادی لە کوردستاندا بوونە مایەی لێڵ بوونەوەی دیدی عەقائیدیی! بە تایبەتی لە کێشەکانی (ولاء)و (بەراء)و (حاکمێتیی)و (سەروەرێتی شەرع)دا. هەروەها دروستبوونی هەستی غەریبکەوتن و جودایی ئەهلی ئیسلام وساردبوونەوەو کەنارکەوتنی زۆر لە کەسایەتیەکانی واجیهەی کۆمەڵکاریی ئیسلامییەکان. ئەمانە کەشێکی ئالوودەی دژواری بۆ زاڵبوونی فیکری خەساوی ئیستیسلامی و فەلسەفاندنی بەزین وتێکشکان و قبووڵکردنی ژێردەستەیی رەخساند، کە ئیتر رەدووکەوتنی سیاسیی مەنهەجی وکۆیلەیی عەقائدیی بۆ زۆر لە ئیسلامیانی فیکریی و سیاسیی کورد نە گوناح ماو نە بوو بە عەیبە! بوو بە رەفتاری (سروشتی)ی! کە کەس شەرمی لێی نەبێت! عەلەمانیەتی کوردیش لە ژێر سایەی ئیحتیلالدا بەدەم خۆبادانیەوە خۆی کردە بەرەی براوەی ململانێ..

ــ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی عەلەمانیەتی کوردایەتی (چ وەکو بزاڤ چ وەکو دەسەڵات) دەیان ساڵە لەسەر عەلەمانیەتێکی بێدینیی رقن ئاراستەی گەلی کوردی دەکرد، ئەندامانی خۆی لەسەر هەموو زەمینەیەکی خوانەویستی رادەهێنا. دینداریی لەژێر سایەی حزب و حکومەتیاندا تەنانەت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش بە نەوەی نوێوە نەما، چ جای وەکو بنەمای فیکرێکی شارستانێتی وبانگەوازێکی گۆڕانکاریی و بزاوتێکی سیاسیی ..

ـ ئەم هۆکـــارانەو پشـــتیوانێتی کـــوفری دەرێ وهاوکـــاریی و یـــارمەتی بەردەوامیـــان، بـــوونە فـــاکتەری کـــاریگەری بەردەســـتی عەلەمـــانیەتی کـــوردی لە پلانێکـــی پشـــوودرێژیی ووشـــککردنەوەی ســـەرچاوە (تجفیـــف الینـــابیع) ی فیکـــرو ئاڕاســـتەی کۆمەڵکـــاریی ئیســـلامی لە نەوەی نـــوێی کـــورددا، جـــگە لە کوشـــتن و زینـــدان کـــردن و ڕاوەدوونـــانی داعیـــانی ڕەوتـــی ڕەســـەنێتی دینـــداریی لە کوردســـتان. ئـــاوا لە کوردســـتانیش ووشـــککردنەوەی ســـەرچاوەی ئاڕاســـتەو پێگەیانـــدنی کۆمەڵکـــاریی و ســـەربەخۆیی دارایـــی ئیســـلامیەکان بـــوو بە یاســـاو دەزگای حکومەتی کوردایەتیەوانان کەوتنە جێبەجێکردنی !

ـــ لەم حـــاڵەتە ســـەختەدا، بەرەی دەســـەڵاتداریی ململانـــێکە ئیســـلامیانی خســـتە کەنـــارەوەو بـــواری یاســـایی بـــۆ دەیـــان مەدرەســـەی دیـــدو ئایـــدیۆلۆجیای دژو پـــارت و کـــۆمەڵی کـــوفرو گروپـــی مەســـیحیەوانی و مەڵبەنـــدی دیراســـات و لێکـــۆڵینەوەی ســـەر بە ڕۆژئـــاوا کـــردەوە کە هـــاتنە کوردســـتان و کەوتـــنە شـــەڕێکی بـــێ ئامـــان و بـــێ ووچـــانی دژ بە دیـــن و ئینتیمـــای شارســـتانێتیمان، دەیانوویســـت بە زووتـــرین کـــات زۆرتـــرین ســـوود لەم هەلە زێـــڕینە وەرگـــرن کە کـــوفری دەرەکی ئیحتیلال وکوفری عەلەمانیەتی کوردستانی سازاندبوویان .

لەبەر ئەم هۆیـــانەو دەیـــانی تـــریش کە ڕۆژانە ئێـــوەی هەســـت بەرزو ســـرك وسـڵ زیـــاتر لە مـــن هەســـتتان پێـــدەکردو ئێســـتاش زیـــاتر لە مـــن هەســـتی پـــێ دەکەن، دەبێـــت زۆر پشـــوودرێژانە ئەم خـــاڵانەی بـــواری شـــیاوکردنی ڕەوتەوان لە دیـــدو غـــیرەت و ڕەفتـــاری ڕۆژانەی خۆمـــان و هاودینـــانی خۆمانـــدا چـــڕ کەیـــنەوە، دەبێـــت هەمـــوو خوشـــکان و برایـــانی هـــاودین و بەرزتـــری ڕەوت شـــارەزایی لە تەواوی ڕەهەنـــدەکانی ئەم

قۆناغەدا پەیدا بکەن تا بە دیدی روون و هەستێکی بەرپرسیارێتی بەرزەوە پێ هەڵگرین.. دەبێت زۆر بە جیددی وەکو قوتابیانی شەشەمی ئامادەیی کە خۆ بۆ تاقی کردنەوەی چارەنوسساز ئامادە دەکەن، رەوتەوانانی ئێمەش دەبێ بابەتەکانی رۆشنبیرکردنی دینی و بەرچاوڕوونی فیکریی و سیاسیی ئاوا بخوێنن و بە سەرکەوتوویی قۆناغەکە ببڕن، تا رەوت گەنجینەیەکی لە ووزەی نوێ دەسکەوێت و هەر یەکەیان بە پشتیوانی خوا لە شوێنی شیاوی خۆیاندا بخاتەوە گەڕ.. بەرەو هێنانە دی ئامانجی رەوت..

دەبێ برایانی بەرپرسی رەوت ئەوە بزانن کە گۆشکردنی کۆمەڵکاریی رەوتەوان بە دوو لایەن دەبێت، کە تەریبن لەگەڵ یەك و هیچیان نابێت لەسەر حسابی ئەوی تریان ببرێتە پێش:

یەکەم: پەروەردە کردن.

دووەم: ئاڕاستە کردن.

پەروەردە بوون بە وەرگرتنی زانستی شەرعی و پابەندبوونەوە دەبێت پێی، رەوت بۆ پەروەردە بوونی رەوتەوانان ئاستەکانی دیاری کردووەو بۆ هەر ئاستێکیش بڕێك زانستی شەرعی دیاری کردووە کە حەتمەن دەبێت هەر هەموو رەوتەوانان بیخوێنن.. ئەمەش لەگەڵ زیادبوونی هەستی مەسئوولییەت و هۆشداربوونی زیاتردا، زیاتر دەبێت..

ئاڕاستەکردن: بریتیە لە چاودێریی و ئاودێریی رۆژانەو سۆراغکردنی رەوتەوانانی بەردەست، تا بزانیت چەند بە رێسا پەروەردەییەکانەوە پابەند دەبن و پێی گەورە دەبن، تا ببیتە

چاودێریـــان و نەهێڵێـــت لاڕێ بـــبن، نەهێڵێـــت گومـــان و هەواو هەوەس و ســـتی روویـــان تێبکـــات. جـــگە لە بژارکردنـــی بـــیری نـــامۆو بۆچـــوونی پەڕپـــدەو دیـــدی لێـــڵ و رەفتـــاری لاســـەنگ لە ناویانـــدا.. ئەمە ئیشـــێکی رۆژانەیەو وەکـــو بـــاخەوانێتیە.. دەبێـــت رۆژانە بە خەمـــی رەوت و رەوتەوانـــاتەوە بیـــت، تـــا ئەو بەرهەمە بـــدەن کە رەنـــجی بـــۆ دەکێشـــیت، بەو بـــڕو چـــۆنیەتییەش کە نەخشـــەت بـــۆ کێشـــابوو، کە واقـــیعەکەت پێویستی پێیەتی..

**٣ـ هۆکـارو شـێوازی کـار:** یەکێـك لە رەحمەتەکـانی خـوای پەروەردگـار بە هەڵگرانـــی پەیـــامەکەی ئەوەیە کە نەرم و نیـــانییەك لە گەیانـــدنی بـــانگەوازەکەدا هەیە، تـــا شـــوێنکەوتوانی بتـــوانن لەگەڵ هەمـــوو بـــارودۆخێکی جاهیلییـــدا هەڵـــکەن.. بە مەرجێـــك لەســـەر حســـابی ئاشکراکردن و راشکاوێتی عەقیدەو مەنهەجی نەبێت .

ـ دەشـێت لە بـارو دۆخێکـدا بـزوێین کە ئەهـلی ئیسـلام و ئەهـلی کـوفر تـێکەڵن و یاسـاو رێسـایەکی پارسـەنگ بـارودۆخی هەمـوانی بە ئاشـتی و ئەمـان راگرتبێـت.. وەکـو ئێسـتای ئەوروپـا بـۆ ئـێمەو موسـوڵمانانی تـری داڵـــدەدراو.. ئەمە بـــارودۆخێکە لەوانەیە بـــوارێکی بـــاش بکـــاتەوە بـــۆ باســـکردنی دیـــدو رێمـــان و موناقەشـــەکردنی لاڕێیـــان و ناســـاندنەوەی ئیســـلام.. ئەمە کە رێـــی بـــانگەوازەکەی لـــێ نەگرتـــووین، ئـــێمەش موســـالیمانە رەفتـــاری لەگەڵـــدا دەکەیـــن و نامانەوێـــت بـــارگرژیی لە لایەنـی ئـێمەوە دروسـت ببێـت.. ئەمە وەسـیلەیەکە کە لە کـۆنەوە پـێی ووتـراوە شـێوازی بـانگەوازی ئاشـتییانە.. ئەسـڵیش ئەمەیە.. چـونکە ئـێمە لەم بـارودۆخە هێـدییەدا زیـاتر دەتـوانین بەرەی پـێچەوانەی خۆمـــان بـــدوێنین و موناقەشـــەی ئەفکاریـــان بکەیـــن.. هەر

ململانێیەکیشـــمان کە لێـــرەدا هەیە، ململانـــێی فیکـــرو بـــانگەوازە ئاشـــتیانەکەیە.. ئەمە بـــازنەیەکی کـــارکردنی ئـــێمەیە کە ئەوروپـــایە، کـاری ئـێمە هەقـی نیـیە بەسـەر دەوڵەت و کـۆمەڵگەو سیاسـەتی ئەو وولاتـانەوە کە لـێی دەژیـن.. دژوارییەکیـان لەسـەر دروسـت نـاکەین.. سـتراتیجێتی خۆمـان نـاگۆڕین بـۆ سـاحەی ئەوان.. سـاحەی کۆمەڵکـاریی رەوتـی ئـێمە کوردسـتانە، لەوێـش باشـوورێتی کە خەڵکـی ئەوێین و قۆناغێکی کاری ئیسلامیمان لەوێ بڕیووە ..

ـ دەشـێت بـارودۆخەکە لە کۆمەڵگەیەکـدا بێـت هەمـووی موسـوڵمان بـن، بەڵام لە سـنوور دەرچـوونی شـەرع بـووبێتە دیـاردەی نێوانیـان.. ئەم کـــۆمەڵگەیە پێویســـتییان بە بیرخســـتنەوەی مەســـئوولییەت و هەسـتی بەرپرسـێتی قیـامەت و سـزای خـوا هەیە.. لە هەمـان کاتیشـدا دەشـێت زانایـانی شـەرع و قـازی و مـوفتیە گەورەکـان و ووتـاربێژە ناسـراوەکان، یـان رۆژنامەوانـان و پیاوماقولان و بەرپرسـانی دەزگـاو رێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی و بەرپرسـانی کـاری ئیسـلامی چ خۆیـان چ کەسـانی تـر دابنـێن تـا فەرمـان بە چـاکە بـکەن و بەرهەڵسـتی لە خـراپە بـکەن.. ئەمە کـاری هەڕەمەکـی نامەسـئوولانە نیـــیە، ئەمە کـــارێکی رێکخـــراوانەی کـــۆمەڵگە مەدەنیـــیەکەی موسـوڵمانانەو خەلـیفەش ناتوانێـت رێـی لـێ بگرێـت، چ جـای ئەوەی بتوانێـت ئیلغـای کـاتەوە یـان دەسـتێوەردانی تێـدا بکـات.. ئەمە پـێی دەوترێـت (حیسـبة).. لە سـەردەمانی حـوکمی ئیسـلامدا ئەو کەسـەی بەرپرســێتی حیســبەی پــێ دەســپێررا مەرج بــوو لە ریــزی زانـــا موجتەهیـدەکان و قازیەکانـدا بێـت.. بـۆ ئەوەی هەردوو مەرجـی

فەتـوای تێـدا بێـت: زانینـی دەق وناسـینی واقـیعەکە، کە دوو بەشـە: خەڵکەکەو زەمانی ئەو کاتەی خەڵك.

ـ دەشـێت کـاری ڕەوتەوانیمـان کەوتبێـتە بـارودۆخێکی دیکتـاتۆرانەوە کە نە دان بە بوونمانـدا دەنـێ، و نە ڕێمـان پـێ دەدات دەرکەویـن و خۆمـان بناسـێنین نەدەشـهێڵێت خەڵـکەکە لێمـان نزیـك ببـنەوە تـا بمانناسـن و بەرنـامەو دیـدو ڕێمـان شـارەزابن.. دەشـێت ئـێمە هەر داوای لـێ بکەیـن کە بوارێـك بـۆ کۆمەڵکـاریی ڕەوتەکەمـان بکـاتەوە، بەڵام ئەو بە هـۆی هەبـوونی هـێزی سـەربازیی وموخـابەراتی و شـەقاوەیەتیی خـۆیەوە، بە ئـاگرو ئاسـن وەڵامـمان بـداتەوەو بکەوێـتە ڕێبەسـتنی بـانگەوازو گـرتن و ئەشـکەنجەدانمان، بکەوێـتە ڕاوەدوونـان و نـانبڕین و کەناردانمـان. ئەم دەسـەڵاتە فـیرعەونییە هـی ئەوە نیـیە بە ڕەفتـاری نەرمونیـانی پیاوچاکـانە لابچێـت.. کەوابـوو دەبێـت هۆکـارو شـێوازی شـیاوی بەرامـبەر بەکـار بهێنرێـت کە جیهـادە.. جیهـاد جـگە لەوەی پەرژیـنی پاراسـتنی بـانگەوازو بەهـا پیرۆزەکـانی خەڵکەکەمـانە، بـازنەی ئـاگری دەوری دووپشکەکەشـە. بەڵام خـۆ جیهادکردن (تفەنگچێتی) نییە !

جیهـاد بەکارهێنـانی هـێزە بـۆ ناچـارکردنی بەرامـبەر تـا ئیعتـیراف بە بوونـت بکـات.. بـوونی خـۆت وەکـو کە هەیـت، نەك بوونێـك بە پێناسـەی ئەوو لە فـاڵبی ئەودا.. جیهـادکردن قۆنـاغێکی کـارکردنە کە دوای قۆنـاغی پەروەردە عەقائیـدییە ئـوممەتیەکە دێـت.. هەر وەکـو کە لە فیکـری سیاسـی سـەردەمدا پێـدەوترێت قۆنـاغی خەبـاتی سـەربازیی، کە لە دوای قۆنـاغی خەبـاتی سیاسـی دێـت.. بێگومـان ئـێمەش وا دەبـین و وا دەبـزوێین، کە خۆمـان دەزانـین کەی ئەم

قۆنـــاغە دەبـــڕین و دەچیـــنە قۆنـــاغی داهـــاتووەوە، بڕیـــار دەدەیـــن.. بڕیـــاری وا گەورەو دژوارو چارەنوســـــازیش راپرســـیی زۆرو راوێژکـــاریی زۆرو تـــــاووتوێکردنی هەمـــــوو راوبۆچـــــوون و ئەگەرەکـــــانی رێ دەخوازێت.. والله اعلم .

# ناوەڕۆك



| سەردێڕ | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٨ |
| **شیاوکردنی رەوتەوان** | ١٠ |
| **بواری یەکەم: دیدو رێ** | ١٦ |
| ناسینەوەی عەقیدەکە | ١٦ |
| شارەزابوون لە فیری ئیسلامی | ٢١ |
| لە خۆگرتنی بەرنامەی سیاسی رەوت | ٢٧ |
| **بواری دووەم: پابەندبوون بە قیەمی رەسەنێتی** | ٣١ |
| پەروەردەی دەروون (تەزکیەی نەفس) | ٣٣ |
| پارسەنگی رەفتارو رەوشت | ٣٥ |
| پاراستنی ئادابی کۆمەلأیەتی | ٣٨ |
| **بواری سێیەم: کۆمەڵکاریی** | ٤٠ |
| گیانی کۆمەڵکاریی | ٤٤ |
| پەیکەری ئیداریی | ٤٦ |
| زیادبوونی حەلەزۆنی | ٤٨ |
| **بواری چوارەم: قەناعەتکردن بە ستراتیجییەت وقۆناغکاریی** | ٥٢ |
| رۆشنی ئامانج | ٥٣ |
| قۆناغکاریی | ٥٨ |
| هۆکارو شێوازی کار | ٦٧ |
| **ناوەڕۆک** | ٧١ |

شاهیدانی خواویستی

پێگەی فەرمی

rawtyshax.com

پەڕەی فەیسبووک

fb.com/rawtyshax

هەژماری تویتەر

twitter.com/rawtyshax

ئیمةیل

rawtyshax@gmail.com